# ئەفسانە و جێگرەوەی ئەفسانە لە حیکایەتی کوردیدا

د. سەرباز مەجید خۆشناو
بەشی کوردی- فاکەڵتیی پەروەردە- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانە وەک ژانرێکی ئەدەبی فۆلکلۆری، مێژوویەکی دووری هەیە، بەرهەمی سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤە، بۆیە خاوەندارێتیی ئەفسانە بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە. لە سەردەمانێکدا سەری هەڵداوە، کە مرۆڤ لە ئەنجامی گەڕان بە دوای نهێنیی دیاردە جیاوازەکانی بووندا دەستەوەستان ماوەتەوە و لەسەرووی خۆیەوە بە پیرۆزی تەماشای کردوون و حیکایەتێکی بۆ دارشتوون، ئەو خەیاڵانەی تێدا وێناکردوون، کە لە واقیعدا پێیان نەگەیشتووە، دیاردە و ڕووداوەکانی داونەتە پاڵ هێزێکی نادیار، بۆ ئەو مەبەستەش کارەکتەرە سەرەکییەکانی بە (خوداوەندەکان) سپاردووە، کە لە مرۆڤ باڵادەستترن و کاروباری بوون بەڕێوەدەبەن، بۆیە بە پیرۆز سەیرکراون و بە ناچاری ملیان بۆ بیروباوەڕەکان کەچکردووە، هەر ئەمەش وایکردووە لە پێناسەکردنێکی پوختی ئەفسانەدا بگوترێ، کە (ئەفسانە بریتییە لە حیکایەتێکی پیرۆز). لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە لەڕووی دارشتنەوە، ئەفسانەش هەمان تایبەتمەندییەکانی حیکایەتی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەفسانە لەسەر بنەمای بوونی حەقیقەتێک بونیادنراوە، کە لەجیاتی وەڵامێکی زانستی و لۆژیکی، پەنا بۆ خەیاڵێکی بێ بنەما براوە و حیکایەتێکی بۆ هەڵبستراوە. ئەفسانە یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی، کە بەپێی سەردەم گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی یەکتاپەرستی، کە بوونی فرە خوداوەندی ڕەت دەکاتەوە، بۆیە لە حیکایەتی ئەفسانەکاندا کارەکتەرە خوداوەندەکان بە کارەکتەری دیکە گۆڕاون. لەم ڕوانگەیەوە پرسی (**ئەفسانە و جێگرەوەی ئەفسانە لە حیکایەتی میللیی کوردیدا**) بووەتە ناونیشانی توێژینەوەکەمان. بۆ ئەو مەبەستە میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەو دەکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ورد سنووری ئەفسانە دەستنیشان بکات و بەدوای ئەو گۆڕاوانەدا بگەڕێت، کە قۆناغ بە قۆناغ لە سەردەمە جیاوازەکاندا لە پێکهاتەی ئەفسانەکاندا ڕوویانداوە، دوای ئەوەی گۆڕاوەکان تایبەتمەندیی ئەفسانەییان لەدەستداوە، شوێنگرەوەکانیان لە ژانری دیکەدا دەرکەوتوون، کە لەڕووی پێکهاتەوە لێیەوە نزیکن و لەسەر بنەمای خەیاڵ بونیادنراون. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، لە دوو بەش پێکدێت، لە بەشی

یەکەمـدا بـاس لە چیەتیـی ئەفسـانە و بـاس لە قۆناغەکـانی گواسـتنەوەی بیروبـاوەڕی ئەفسانەیی دەکرێت و لە  جیاوازیی ئەفسانە لەگەڵ حیکایەتی خورافی و حیکایەتەکانی دیکەی میللیدا دەدوێت. لە بەشی دووەمدا باس لەو گۆڕاوانە دەکرێت، کە لە پێکهاتەی ئەفسـانەی کوردیـدا ڕوویانـداوە و ئامـاژە بەو گـۆڕاوانەش کـراوە، کە لە حیکـایەتە میللییەکانـدا بـوونەتە جێگـرەوەی تایبەتمەنـدییە ئەفسـانەییەکان. لە کۆتاییـدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەچەند خاڵێکدا پوخت کراونەتەوە.

**وشە سەرەکییەکان**: *ئەفسانە، حیکایەتی میللی، حیکایەتی خورافی، گۆڕاو، بیروباوەڕی ئایینی.*

---

**پێشەکی**

ئەفسانە وەک بەرهەمێکی فیکری، ڕەهەندێکی مێژوویی دێرینی هەیە، هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە، بۆیە کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، بەشداریی لەو سامانە مرۆییەدا کردووە و خاوەن ئەفسانەی خۆی بووە. لەگەڵ بڕینی قۆناغەکان و وەرچەرخانە مێژووییەکان، گۆڕان بەسەر بیروباوەڕە ئەفسانەییەکاندا هاتووە و بیروباوەڕی دیکە جێگەیان گرتووەتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر جیهانبینیی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەبووە، کە ئێمە لێرەدا زیاتر ئاوڕ لە ئەدەبییات دەدەینەوە و لەناو ئەدەبیاتیشدا  توێژینەوە لە ژانری ئەفسانە دەکەین و باس لە ڕەوت و گۆڕانکارییەکانی دەکەین و لە حیکایەتی میللیی کوردیدا باس لە شوێنگرەوەی ئەفسانە دەکەین، بۆیە **پرسی توێژینەوەکە** بریتییە لە "ئەفسانە و جێگرەوەی ئەفسانە لە حیکایەتی میللی کوردیدا".

ئەم پرسە کۆمەڵێک **پرسیاری** لەخۆگرتووە: ئەفسانە چییە؟ ئایا کورد ئەفسانەی هەبووە؟ ئایا تا ئێستا لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا ژانری ئەفسانە هەیە؟ ئەگەر هەیە دەقە ئەفسانەییەکان کامانەن؟ ئەگەر نییە ئەفسانەکان چییان بەسەردا هاتووە؟ ئەمەو کۆمەڵێک وردەپرسیاری دیکە، کە لە میانەی توێژینەوەکەدا پێویستییان بە وەڵامدانەوە هەیە.

بەپێی تێگەیشتن لە پێناسەی ئەفسانە و بەپێی ئەو دەقە فۆلکلۆرییانەی، کە لەئێستادا تۆمارکراون، **گریمانەی** ئەوەدەکەین، کە کورد ئەفسانەی هەبووە و لە دوای بڵاوبوونەوەی باوەڕی یەکتاپەرستی ژانری ئەفسانە تێکەڵ بە ژانرەکانی دیکەی وەک حیکایەت و داستان و بەیت بووە. **سنووری توێژینەوەکە** لە چوارچێوەی حیکایەتە تۆمارکراوەکاندا کار لەسەر خستنەڕووی گۆڕاوەکان دەکات. گریمانە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە بوونەتە **هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە**.

**بـایەخی تـوێژینەوەکە** لەوەدایە، کە بە شـێوەیەکی ئەکادیمی سـنووری ئەفسـانە دەستنیشاندەکات و وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە دەداوەتەوە و ئەو گۆڕاوانە بە نموونە پڕاکتیزەدەکات، کە وەک جێگرەوەی ئەفسانە لەناو حیکایەتی فۆلکلۆریدا دەردەکەون، هەر ئەمەش وایکردووە، کە لە **سـنوورێکی** کراوەدا لەناو دەقە تۆمارکراوەکانـدا بەدوای نموونەی گۆڕاوەکاندا بگەڕێت، ئەمەش وایخواستووە، کە بە **میتۆدی** وەسفی شیکاری کار لەسەر توێژینەوەکە بکرێت.

ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە **پێشتر** لە بواری ئەفسانەناسیدا کاریان لەسەرکراوە، زۆر و هەمەجۆرن، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە تێز و نامە ئەکادیمییەکان دەدەین، چونکە ئەوان وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی جێی بایەخی توێژینەوە و نووسینەکانی دیکەی دوای خۆیانن.

یەکەم ماسـتەرنامە، کە لەچوارچێـوەی ئەفسـانەدا کـاری لەسـەرکرابێت "گەڕان بەدوای نەمریـدا"ی مەولـوود ئیبـراهیم حەسـەنە، کە لەسـاڵی (٢٠٠٠) لە کـۆلێژی زمـان لە زانکۆی سلێمانی پەسەندکراوە. هەمان توێژەر لە ساڵی (٢٠٠٧) لە تێزی دکتۆراکەیدا باسی لە "پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی" کردووە، کە لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین پەسـەندکراوە. جـگە لەم دوو نووسـینە، لەسـاڵی (٢٠٢٠) پەرتووکێکیشـی بە ناونیشـانی (قەدەغەشـکێنی) وەک دارەڕێـی ئەفسـانەی کـوردی بڵاوکـردۆتەوە. تـوێژەر لە تەواوی نووسـینەکانیدا، وەک دیـاردەی ئەفسـانەیی کـاری لەسـەر گۆڕاوەکانـدا کـردووە و بە ئەفسانەی هەژمارکردوون.

لەسـاڵی (٢٠١١) بێریڤـان صـمد حەوێز، ماسـتەرنامەیەکی بە ناونیشـانی "ڕەهەنـدی ئەفسـانەیی لە شـیعرەکانی نەوزاد رەفعەتـدا" نووسـیوە، کە لە کـۆلێژی ئـاداب لە زانکـۆی سـەلاحەددین پەسـەندکراوە. تـوێژەر نمـوونەی ئەو ڕەمـزە ئەفسـانەییانەی وەرگرتـووە، کە لە دەقە شیعرییەکاندا هەن و شیکردنەوەی بۆ کردوون، ئەفسانەکان زیاتر لە ئەدەبی بێگانان وەرگیراون.

شڤان جرجیس عبدالرحمن لە ساڵی (٢٠١٢) ماستەرنامەیەکی بە ناونیشانی "ئەرک و ڕەگەزێـن ئەفسـانێ د چـوار ڕۆمـانێن دەڤەرا بەهدینانـدا" نووسـیوە، کە لە سـکوڵی ئـاداب، فـاکەڵتیی زانسـتە مرۆڤایەتییەکـانی زانکـۆی دهـۆک پەسـەندکراوە. ئەم تـوێژینەوەیەش بە هەمـان شـێوەی تـوێژینەوەکەی پێشـتر، لەسـنووری دەقـی ڕۆمانەکانـدا لێکـۆڵینەوەی لەسـەر ڕەگەزە ئەفسانەییەکان کردووە.

ماسـتەرنامەیەکی دیـکە بەناونیشـانی "ئەفرانـدن و مـردن لە ئەفسـانەی کوردیـدا بەپێـی ئاڤێسـتا و دەقە پەهلەوییەکـان" لە سـاڵی (٢٠١٢) لەلایەن فەرهـاد عەزیـز خۆشـناو

نووسـراوە، کە لە کـۆلێژی زمـان لە زانکـۆی سـەلاحەددین پەسـەندکراوە. تـوێژەر زیـاتر لەڕوانـگەی بیروبـاوەڕی ئـاینییەوە پرسـی ئەفرانـدن و مردنـی وەک بـابەتێکی ئەفسـانەیی خستۆتەڕوو و شیکردنەوەی بۆ دیاردەکان کردووە و قۆناغبەندیی بۆ ئەفسانەی کوردی کردووە.

تێزێکی دیکەی دکتۆرا بە ناونیشانی "ئەفسانەی کوردی لەژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسیدا" لە ساڵی (٢٠١٩) لەلایەن سازان جەوهەر حەمەغەریب نووسراوە، کە لە کۆلێژی زمـان لە زانکـۆی سـەلاحەددین پەسـەندکراوە. تـوێژەر وەک بیروبـاوەڕ کـاری لەسـەر ئەفسـانەکردووە و لەڕوانـگەی دەروونیـیەوە باسـی لە ڕەنگـدانەوەی کاریگەرییەکـانی بیروباوەڕی ئەفسانەیی کردووە.

نوێترین تێز، بە ناونیشانی "خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەفسانەناسی لە ئەدەبی کوردیدا" لە سـاڵی (٢٠٢٤) لەلایەن ڕزگـار عبـدالله احمـد نووسـراوە و لە فـاکەڵتیی ئاداب لە زانکـۆی سۆران پەسەندکراوە. ئەم تێزە خوێنـدنەوەیەکی ڕەخنەییانەی بـۆ لێکۆڵینەوەکانی پێشـتر کردووە و دەستنیشانی ئەو کێشە و کەموکورتیانەی کردووە، کە لە توێژینەوەکاندا هەن و هەوڵـی داوە، بەشـێوەیەکی گشـتگیر و بەپێـی پێناسـە نـاوخۆیی و دەرەکییەکـانەوە سـنوورێکی تـۆکمەتر بـۆ ئەفسـانە دەستنیشـان بکـات و لەژانرەکـانی دیـکەی نزیـک لە ئەفسانە جیای بکاتەوە.

پرۆگرامـی تـوێژینەوەکە جـگە لە پێشـەکی، دوو بەش لەخـۆ دەگرێـت، لە بەشـی یەکەمـدا بە شـێوەیەکی تیـۆری بـاس لە چییەتیـی ئەفسـانە و قۆناغەکـانی گواسـتنەوەی بیروبـاوەڕی ئەفسـانەیی دەکرێـت و ئەفسـانە وەک دەق لەگەڵ جۆرەکـانی دیـکەی حیکایەتـدا بەراورد دەکـات، کە لە ئەفسـانەوە نـزیکن. لە بەشـی دووەمـدا بە شـێوەیەکی پراکتیکـی کـار لەسـەر ئەو گـۆڕاوانە دەکرێـت، کە وەک جێگـرەوەی ئەفسـانە لە حیکایەتەکانـدا دەردەکەون. دواتـر ئەنجـامی تـوێژینەوەکە لە چەنـد خاڵێـک پوخـت دەکـرێنەوە و ئامـاژە بەو سـەرچاوانەش دەکرێـت، کە لە تـوێژینەوەکەدا سـوودیان لـێ وەرگیراوە.

**بەشی یەکەم: چیەتیی ئەفسانە**

ئەفسانە وەک هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، لەسنووری ئەدەبیاتناسیدا، چوارچێوە و پێناسەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە تێیدا دەناسرێتەوە و لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی جیای دەکاتەوە.

### ١-١ چیەتیی ئەفسانە

زۆربەی لێکۆڵینەوەکـان ڕیشـەی ئەفسـانە بـۆ (Mythos) ی یۆنـانی دەگەڕێنـنەوە. یۆنانییەکـان زاراوەی (Mythos) بە واتـای چیـرۆک، یـان حیکـایەت، یـان قسـەی گـوتراو بەکـاردەهێنن. ئەفلاتـوون یەکەم کەسـە زاراوەی (Mutholigia)ی بـۆ هـونەری گێـڕانەوەی چیرۆک بەکارهێناوە، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی ئەمڕۆ بە ئەفسانە ناودەنرێن (السواح، ١٩٩٨: ٥٦). دواتـر ئەفسـانە بـۆ ئەو دەقە ئەدەبییـانە بەکارهـاتووە، کە گوازرشـت لە فرەخواوەنـد و خواوەند و نیوەخواوەندەکان دەکەن (ڕزگار عبدالله احمد، ٢٠٢٤: ٢٤).

فەرهـاد عەزیـز حەسـەن پێیـوایە: وشـەی (Myth)ی ئینگلیـزی لە وشـەی (مییـثە)ی ئاڤێسـتایی و (مێـت)ی پەهـلەوی وەرگیرابێـت چـونکە ئاڤێسـتا مێژوویەکـی کـۆنتری هەیە (حەسەن، ٢٠١٣: ١٤).

لە عەرەبیدا زاراوەی (اسطورة) بۆ ئەفسـانە بەکاردێت، کە ڕیشـەی بۆ دێڕی نووسـراو (سطر) دەگەڕێتەوە و لە کۆکردنەوەدا دەبێتە (الأسطر) یان (الأساطیر) (لـواتی، ٢٠١٥: ٢٣٧). لە هەندێک لێکۆڵینەوەی دیکەدا هاتووە؛ زاراوەی اسطورة لە (Historia)ی یۆنـانی و لاتینـی، کە بەواتـای قسـە و هەواڵـی ڕاسـت دێت و لە ئینگلیزیـدا (Story) کە بەواتـای مێـژوو دێـت، وەرگیرابێـــت، (میراودەلـــی، ٢٠١٦: ١٢٢). عەرەبەکـــان ئەو زاراوەیە بە واتـــای بیروبـــاوەڕی هەڵبەستراو و بێ بنەما بەکاردەهێنن (حسین زادە، ١٣٨٤: ٩). لە قورئـانی پیرۆزیشـدا نۆ جـار ئامـاژە بە وشـەی (اسـاطیر) کـراوە و بەزۆری دراوەتە پـاڵ (الأولـین)، ئەو زانایـانەی ڕاڤەی ئایەتەکانیان کردووە، دەستەواژەی (اساطیر الأولین)یان بە شتی هەڵبەستراو (درۆ) و ناڕاست لێکداوەتەوە (عبدالرحمن، ٢٠١٣: ٢١).

لە کوردیـدا ئەفسـانە وەک زاراوە بە واتـای (چیـرۆک، ڕاز، سەرگوزەشـت، دیـرۆک، قسەی پووچ، دەسان، چیڤانۆک) هاتووە (حەسەن، ٢٠١٣: ١٣) کە زیاتر خەیاڵیان تێدا زاڵە.

بەو پێـیەی؛ لەبنەڕەتـدا ئەفسـانە لە چوارچێـوەی حیکـایەتـدا گێـڕدراوەتەوە، لەڕووی بونیادەوە، وێکچوونێک لە نێوان ئەفسانە و حیکـایەتگەلێکی دیکەی وەک (حیکـایەتی پـاڵەوانێتی و حیکــایەتی خــورافی و حیکــایەتی ئــایینی)دا هەیە، بــۆیە پێویســتە لەڕووی چەمکەوە، سنوورێکی تۆکمە بۆ چیەتیی ئەفسانە دەستنیشان بکرێت.

ئەفسانە بریتییە لە حیکایەتێکی پیرۆز، کە خوایەکـان و لە ڕەگەزی خوایەکـان ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕن، لە ئەفسـانەدا بوونەوەرگەلێکی لەمـرۆڤ بەهێزتـر و باڵادەسـتر هەن، ئەو نهێنییانەیـان لایە، کە مرۆڤەکـان نـایزانن (نعمـة، ١٩٩٤ :٢٥)، ئەمەش بـۆ قۆنـاغە بەراییەکانی مەعریفیـی مـرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە هێشتا لەڕێی زانستەوە نەیدەتوانی وەڵامـی

ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە لەبارەی بوون و نهێنیی دیاردە سروشتییەکانەوە بە زەینیدا دەهاتن. بە واتایەکی دیکە "ئەفسانە مێژوویەکی پیرۆز دەگێڕێتەوە، ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، کە لەسەردەمە بەراییەکاندا ڕوویانداوە، سەردەمی خەیاڵ، سەردەمە سەرەتاییەکان ... ئەفسانە جگە لەوەی بریتییە لە مێژوویەکی پیرۆز، بریتیشە لە مێژوویەکی ڕاستەقینە، چونکە هەردەم بۆ حەقیقەتەکان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئەفسانەی کۆسمۆگۆنی، (کە باس لە پرسی دروستبوونی گەردوون دەکات) ڕاستییەک لە پرسەکەدا هەیە، بەڵگەش بۆ ئەمە هەبوونی گەردوونە (الیاد، ١٩٩١: ١٠). بوونی ئەو حەقیقەتەی لە ئەفسانەدا هەیە، تەنیا پەیوەندیی بە ڕابردووەوە نییە، بەڵکو حەقیقەتێکی بەردەوامە و پەیوەندیی بە باوەڕی ئایینییەوە هەیە و بووەتە بەشێک لە سرووتەکانی و باوەڕداران و بە ڕاست و ڕاستەقینەی دەزانن (السواح، ٢٠٠١: ١٣) کەواتا پیرۆزیی ئەفسانە پەیوەندیی بە بیروباوەڕەوە هەیە، خوایەکان و لە ڕەگەزی خوایەکان ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕن و بە پرسێکی ڕاستەقینەی بەردەوامەوە پەیوەستن. بەدەر لەو تایبەتمەندییانە، دەقەکان دەخزێنە ناو بابەتی دیکەی نزیک لە ئەفسانە، کە بەپێی قۆناغەکانی گواستنەوەی بیروباوەڕی مرۆڤەکان لە سنووری ئەفسانەدا دەردەچن.

## ١-٢ قۆناغەکانی گواستنەوەی بیروباوەڕی ئەفسانەیی

لە بنەڕەتدا ئەفسانەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕەوە سەریان هەڵداوە، بۆیە بەپێی گۆڕانی ژینگە و مەعریفەی مرۆڤ لە قۆناغە جیاوازەکاندا گۆڕان بەسەر بیروباوەڕە ئەفسانەییەکاندا هاتووە. لەم ڕوانگەیەوە مەولوود ئیبراهیم حەسەن، ئەفسانەی کوردی بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەکات: (قۆناغی ئەشکەفت، قۆناغی گوند، قۆناغی شار) (حەسەن، ٢٠٠٧: ٦٦-٦٩). فەرهاد عەزیز حەسەن لە ڕوانگەی تێڕوانینە ئەفسانەییەکان سێ قۆناغ بۆ ئەفسانەی کوردی دەستنیشان دەکات: (ئەفسانەی قۆناغە بەراییەکان، ئەفسانەی قۆناغی ناوەڕاست، ئەفسانەی قۆناغی نوێ) (حەسەن ،٢٠١٣: ٢٣) ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە دەقە ئەفسانەییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، "چونکە هەر کام لەم قۆناغانە لەپڕێک کۆتاییان پێ نەهاتووە و قۆناغەکەی تر دەستی پێ نەکردووە" (حەسەن ،٢٠١٣: ٢٣) بەو واتایەی دەقە ئەفسانەییەکان بەرە بەرە لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغی دواتر گواستراونەتەوە، لە میانەی ئەو قۆناغ گۆڕکێیەدا، گۆڕان بەسەر ڕەگەزە ئەفسانەییەکاندا هاتووە. ئەفسانە بەراییەکان هەوڵی لێکدانەوەی پرسی بوون و دیاردە سروشتییەکانیان داوە، بۆ هەر پرسێکیش، خواوەندێکی بە کارەکتەری پشت دیاردەکان زانیوە، هەمووشیان لەڕووی هێز و تواناوە لەسەرووی مرۆڤەکانن و نەمر و پیرۆزن. ئەمەش وایکردووە، کە ئەفسانە ڕەهەندێکی ئایینی وەربگرێت و مرۆڤ ملکەچی پیرۆزییەکانیان بکات. لە بیروباوەڕی ئەفسانەییدا، خواوەندەکان بەسەر هەردوو بەرەی خێر و شەڕدا دابەش دەبن. لە قۆناغی دواتردا ئەو دوو

ڕەهەنـــدییە بە زەقـــی مـــاوەتەوە. لە ئـــایینی زەردەشـــتیدا پرســـی بەڕێـــوەبردنی گەردوون لە فرەخواوەندییەوە دەگۆڕێت بۆ ئیزەدی چاکی و ئیزەدی خراپی، کە (ئاتەر- ئاگر) بە هێمای چـاکە و یـاوەری خواوەنـد (ئـاهورامەزدا) و ئەژیـدەهاکە (دەئـێڤە – دیـڤ – دێـو) بە هێمـای خـراپە و یـاوەری (ئەهـریمەن) گـۆڕاون (حەسـەن، ٢٠٢٢: ١٣٠- ١٣١). لە قۆناغەکـانی دواتـردا نـوێنەرایەتیکردنی هەردوو بەرەی خێـر و شـەڕ بە کـارەکتەرگەلێکی دیـکە گـۆڕاون، کە هەنـــدێکیان لە بیروبـــاوەڕە ئاینییەکـــانی دوای خۆیـــان وەرگیـــراون و هەنـــدێکیان زادەی خەیـاڵێکی بـێ بنەمـا و خـوڕافین. بەپێـی قۆناغبەنـدییەکانی هەریەک لە مەولـوود ئیبـراهیم حەسەن و فەرهاد عەزیز حەسەن، کە بۆ ئەفسانەیان کردووە، قۆناغی سێیەم بە قۆناغی شار و قۆنـاغی نـوێ لەقەڵەم دەدەن، ئەوەی لـێ دەفـامرێتەوە، کە تـا ئێسـتاش ئەفسـانە لە ئەدەبـی کوردیـدا بـوونی هەبێـت "دوای بڵاوبـوونەوەی ئـایینی ئیسـلام ئەفسـانەی کـوردی وەکـو بەرهەمێکی پیرۆزی نەتەوەیی ئیتر بە یەکجاری وەلا نەنرا، بەڵکو ئەمجارەیان بە سیما و ڕواڵەتێکـی نـوێ و لەژێـر ناونیشـانی نـوێ و لە قـاڵبی ئەفسـانەی نـوێ لە کـۆمەڵگەی کوردەواریـدا درێـژەی بە بـوونی خـۆی دا" (حەسـەن، ٢٠١٣: ٢٧). ئەم هەمـوو نوێکـارییە لە ئەفسانەدا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا پێمانوایە؛ ئەو قاڵب و سیما و ڕواڵەت و ناونیشانە نوێیانە، وایان لە دەقە نوێیەکان کردووە، کە لە چوارچێوەی پێناسـەی ئەفسانەدا بێنە دەرەوە و بچنە نێو سنووری حیکایەتگەلێکی دیکەی میللیی جیاواز.

### ١-٣ جیاوازیی ئەفسانە و حیکایەتە میللییەکان

حیکـایەت وەک ژانرێکـی ئەدەبـی بـوونێکی مێژوویـی کـۆنی هەیە. بـنەچەی حیکـایەت لەنێـوان نەتەوەکانـدا وێکچـوونێکی زۆری هەیە، ئەوەی جیایـان دەکـاتەوە ئەو وردەکارییـانەن، کە پەیوەستن بە بیروبـاوەڕ و بـواری ڕۆشـنبیری و ئەزمـوونی نەتەوەکان، بـۆیە ویـــڕای وێکچـــوون، هەر نەتەوەیەک شـــوێنپەنجەی خـــۆی لە حیکایەتـــدا هەیە و وەکـــو تایبەتمەنـدی حیکایەتەکانی پێدەناسرێنەوە (خۆشـناو، ٢٠٢٢: ١٣). بەپێـی ئەو پێناسـانەی بـۆ ئەفسـانەکراون، ئەفسـانەکانیش بـابەتگەلێکی حیکایەتئـامێزن، لەڕێـی هەنـدێک بنەمـا و تایبەتمەنـدی لە جۆرەکـانی دیـکەی حیکـایەت جیـادەکرێنەوە، لەگەڵ هەنـدێک جـۆری حیکایەتـدا لەیەکتـر نزیـک و لە گەڵ هەنـدێک جـۆری دیـکەدا لێـک دوورن. دووری و نزیکیی ئەفسانە لە جۆرەکانی دیکەی حیکایەتدا، پەیوەندیی بە چەندێتیی پشتبەستن بە خەیـاڵ و ڕووداوی ناسروشـتیی لە ڕادەبەدەرەوە هەیە، پەیوەنـدیی بەم گـۆڕاوانەوە هەیە، کە بەسـەر تایبەتمەنـدییەکانی ئەفسـانەدا هـاتوون، بەتـایبەتی ئەو گـۆڕاوانەی لە حیکایەتـدا شـوێنگرەوەی کـارەکتەرە ئەفسـانەییەکان و ڕووداوە خەیـاڵییە لە عەقـڵ بەدوورەکـانن. لەڕوانگەی نزیکییەوە تیشک دەخەینە سەر چەند جۆرێکی حیکایەت:

### ١-٣-١ حیکایەتی خورافی

لە هەندێک سەرچاوەدا (خورافە) هاوشێوەی ئەفسانە، لە چوارچێوەی حیکایەتی میللیدا بە بەشێکی سەربەخۆ دادەنرێت و لە جۆرەکانی دیکەی حیکایەتی میللی جیای دەکەنەوە (أوشاطر و فتيحة، ٢٠١٦: ٢٤٤). حیکایەتە خورافییەکان، ئەو دەقانەن؛ کە پڕن لە زیدەوەسف و زێدەڕەوی. پاڵەوانەکانی بریتین لە مرۆڤ و خێو و بوونەوەری دیکە، بەڵام خوایەکان ڕۆڵی تێدا ناگێڕن (نعمة، ١٩٩٤: ٢٥-٢٦). لە حیکایەتی خورافیدا، هەندێک لە کارەکتەرەکان بوونەوەرگەلێکن، کە لەسەر خەیاڵێکی بێ بنەما وێناکراون، شێوەیەکی دیار و ڕوونیان نییە، خاوەن هێز و توانایەکی زۆرن، بەڵام نەمر و پیرۆز نین و مرۆڤ دەتوانێ لەڕێی فێڵ و جادوو و هاوکاریی کارەکتەری دیکە بەسەریاندا زاڵ ببێت و بییان بەزێنێت و لەناویان ببات. پرسەکان لە حیکایەتی خورافیدا ڕاستەقینەیی نین، واتا حەقیقەتێکیان لەپشتەوە نییە، بابەتگەلێکی هەڵبەستراوی پروپووچ و بێ بنەمان و جیی باوەڕ نین و دوورن لە لۆژیک و بابەتی بوون. بۆ نموونە بابەتێکی وەک هێلکلەی نامێ: کە دەیشکێنی کچی زۆرجوان و کەرەگەتی تێدایە (حەسەن، ٢٠٢٠: ٩٥). لە کاتێکدا ئەفسانە لەسەر بنەمای (پیرۆزی) بونیادنراوە و بەشێکن لە بیروباوەڕی خەڵک و پەیوەستن بە حەقیقەتێکی بەردەوام. کارەکتەرەکان لە ئەفسانەدا، لە ڕەگەزی خوایەکان، یان نیمچەخوایەکانن، مرۆڤەکان بەبێ پشتوانیی خواوەندەکانی دیکە ناتوانن بەسەریاندا زاڵ بن. بەو پێیەی حیکایەتە خورافییەکان لەڕیزی حیکایەتە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتین، بۆیە ئەوەی لێدەفامرێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینە یەکتاپەرستییەکان، بەشێک لە ئەفسانەکان خۆیان خزاندبێتە ناو حیکایەتە خورافییەکان (خۆشناو، ٢٠٢٢: ١٦)، بەتایبەتی ئەو دەقانەی شوێنگرەوەی کارەکتەرە ئەفسانەییەکانن، بریتین لە کارەکتەری خەیاڵی، کە بەڕادەیەک لە واقیع دوورکەوتوونەتەوە، لەگەڵ عەقڵی مرۆڤدا ناگونجێن و لە ژینگەی ڕاستەقینەدا هاوشێوەیان نییە، هەر ئەمەش وەک سنووری هاوبەشی نێوان ئەفسانە و خورافە ئەو نزیکییەی بەرجەستەکردووە. بۆ نموونە؛ دێو، یان ئەژدیهای سێسەر، یان حەوت سەر، کە پێشتر وەک خواوەند ڕۆڵیان لە ئەفسانەکاندا بینیوە، یان ڕووداوگەلێکی خەیاڵی، کە لە واقیعدا ڕوونادەن، بۆ نموونە؛ ئەفراندن، شێوە گۆڕین (کراس گۆڕین) و ڕەگەز گۆڕکێی کارەکتەرەکان لەبەر ئەوەی لە ئەفسانەکاندا دراونەتە پاڵ خواوەندەکان وەک دیاردەیەکی پیرۆز بەناچاری بوونەتە جێی باوەڕ، بەڵام کە لە حیکایەتی خورافیدا دەردەکەون، جێی باوەڕ نین، چونکە باوەڕی فرەخواوەندی لە حیکایەتی خورافیدا نییە، بۆیە وەک خەیاڵێکی بێ بنەمای مرۆڤ تەماشادەکرێن. لێرەدا پیرۆزی دەبێتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی ئەفسانە لە حیکایەتی خورافی. بەشێك لە حیکایەتەکانی پاڵەوانێتی دەچنە ناو پێناسەی حیکایەتی خورافی، پشت بە خەیاڵێکی بەرزەفڕی ڕادەبەزێن و توانای جادوویی پاڵەوانەکان دەبەستن و

له مرۆڤی ئاسایی ناچن، بەڵام ئەوەی حیکایەتی پاڵەوانێتی لە ئەفسانە جیادەکاتەوە، ئەوەیە؛ پاڵەوانەکان لە حیکایەتە خورافییەکاندا لە ڕەگەزی خوایەکان و نیوەخوایەکان نین، بەڵکو مرۆڤن، یان بوونەوەرگەلێکی خەیاڵین، بۆیە نەمر و پیرۆز نین. لەلایەکی دیکەوە جیاواز لە ئەفسانە، ڕووداوی حیکایەتەکان دونیایین، بەو واتایەی " بایەخ بەو ڕووداوانە دەدەن، کە بۆ خەڵک گرنگن" (ابراهیم، ٢٠٠٠: ١٠٧).

### ١-٣-٢ ئەو حیکایەتانەی ڕەهەندی ئایینیان هەیە

دەقە ئەفسانەییەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕ بونیادنراون، بۆیە ئەو حیکایەتانەی، کە ڕەهەندێکی ئایینییان هەیە، لەڕووی بیروباوەڕەوە لە ئەفسانەوە نزیکن. هەردووکیان پشت بە بوونی خودا و پشت بە بوونی دوانەی خێر و شەڕ دەبەستن. ئەوەی حیکایەتی میللیی ئایینی لە ئەفسانە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە فرە خواوەندی لە حیکایەتە ئایینییەکاندا نییە. لەبیروباوەڕی یەکتاپەرستیدا خواوەندەکان بەسەر بەرەی خێر و شەڕدا دابەش نابن، بەڵام لە چییەتیی بوونی خێر و شەڕدا لە ئاینەکاندا تێروانینی جیاواز هەیە، (فراس السواح) لە دەروازەی پەڕتووکی (الرحمن والشیطان)دا، باس لە چوار ڕوانگە دەکات (السواح، ٢٠٢٢: ١٣- ١٤):

**یەکەم:** خێر و شەڕ هەردوکیان پەیوەندییان بە خودای تاک و تەنیاوە هەیە، وەک چۆن ئەفرێنەری خێرە، بەهەمان شێوە ئەفرێنەری شەڕیشە، وەک ئەوەی لە بیروباوەڕی تەوراتیدا هاتووە، کە (ئەیشعیا) لەسەر زمانی خودای یەهوودییەکان (یەهوە) دەریبڕیوە.

**دووەم:** خودا لەسەرووی خێر و شەڕەوەیە، بەڵام لایەنگر و پشتوانیی خێرە لە دژی شەڕدا، وەک ئەوەی لە ئایینی زەردەشتیدا هاتووە.

**سێیەم:** لە ئەزەلدا دوو بوون هەیە، یەکێکیان خودایە و یەکێکیان ماددەیە، خودا ڕۆح و ڕۆناهییە، بەڵام ماددە بەرجەستە و تاریکییە، تاریکی شەیتانی هێناوەتە بوون، کە دژایەتیی بەندەکانی خودا دەکات. بەو واتایەی شەیتان بوونێکی ئەزەلیی نییە و ئەفرێنراوە، وەک ئەوەی لە بیروباوەڕی ئایینی مانیدا هاتووە.

**چوارەم:** خودایەکی ئەزەلیی تاک و تەنیای دادپەروەری میهرەبان هەیە، بەڵام شەڕی داوەتە پاڵ کەسایەتییەکی غەیبیی ئاسمانیی سەربەخۆی دەرچوو لە فەرمانی خودا، ئەو کەسایەتییە ئەزەلی نییە، بەڵکو ئەفرێنراوی خودا خۆیەتی، هەر لەسەرەتاوە ئازادی کردووە، ئەویش تواناکانی خۆی بۆ خراپەکاری و دژایەتیکردنی ئەفرێنراوەکانی خودا خستۆتەگەڕ بەتایبەتی مرۆڤ، کەواتا خودا لەگەڵ شەڕ و خراپەدا نییە، بەڵام

لەڕوانگەی ئازادییەوە ڕێگەی پێداوە و بژاردەکەی بۆ مرۆڤ جێهێشتووە، وەک ئەوەی لە ئایینی مەسیحی و لە ئایینی ئیسلامدا هاتووە.

کاریگەریی تێڕوانینی چوارەم هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی لە حیکایەتی ئایینیدا تواندۆتەوە، چونکە لەم جۆرە حیکایەتەدا، خێر و چاکە پەیوەستە بە خودای تاک و تەنیا و شەڕ و خراپە پەیوەستە بە شەیتان. ئەو حیکایەتە میللییانەی ڕەهەندێکی ئاینییان هەیە و چیرۆکی ژیانی پێغەمبەرانیان تێدا ڕەنگدەداتەوە، نابنە جێگرەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان، چونکە حەقیقەتێکی یەکتاپەرستییان تێدایە و ڕووداوەکانیان پەیوەستن بە ژیانی ڕاستەقینەی پێغەمبەرەکان، بەو واتایەی حەقیقەتێک لەپشت چیرۆکەکاندا هەیە، ئەو حەقیقەتە هەمان ئەو حەقیقەتە نییە کە لە ئەفسانەکاندا هەیە، ئەمە یەکێک بووە لە گرفتی بەردەم پێغەمبەران لە گەیاندنی پەیامەکانیان **(وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا قَالُواْ قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَاء لَقُلْنَا مِثْلَ هَذَا إِنْ هَذَا إِلاَّ أَسَاطِيرُ الأوَّلِينَ)** (الأنفال ٣١). بەڵام لە هەندێکییاندا هەمان ئەو پرسانە دەبینردرێن، کە لە ئەفسانەکاندا وەرگیراون و دواتر گۆڕانییان بەسەردا هاتووە، ئەمەش وایکردووە، کە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانە لەدەستبدەن، بۆیە باوەڕپێکراو نیین و بە پیرۆز تەماشا ناکرێن. لەهەندێک حیکایەتی میللیدا گۆڕان بەسەر چیرۆکە ئایینییەکانیشدا هاتووە، گۆڕان لە چۆنیەتیی ڕووداو و جێگۆڕکێ لە کەسایەتییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە حیکایەتی (گرێمژ)دا، کاتێک (دێو) بەدوای گرێمژدا ڕادەکات و لێی نزیک دەبێتەوە، دەگەنە سەر ڕووبارێکی بەخوڕ، گرێمژ پەڕی چۆلەکەکەی بیردەکەوێتەوە و دەیخاتە ناو ڕووبارەکە، ڕووبارەکە دەیبەستێ و بەئاسانی بەسەریدا دەپەڕێتەوە، لەو کاتەدا دێو تا نیوەی ڕووبارەکە هاتووە، گرێمژ پەڕەکە لە ڕووبارەکە دەردێنێ و ڕووبارەکە وەک خۆی لێدێتەوە و دێوەکە لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێت (خۆشناو، ٢٠١٣: ١٠٣) بە ئاشکرا دیارە، کە ئەم ڕووداوە گۆڕاوی ڕووداوی پەڕینەوەی موسا و خنکانی فیرعەونە، کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە **(وجاوزنا ببني إسرائيل البحر فأتبعهم فرعون وجنوده بغيا وعدوا حتى إذا أدركه الغرق)** (البقرة ٩٠)، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی ڕێگە پێدراوی حیکایەتە میللییەکاندا بە گۆڕینی چۆنیەتیی ڕووداو و کارەکتەرەکان، چ لە ئەفسانەدا بن، چ لە چیرۆکی ئایین و چ لە ڕووداوی ڕاستەقینەدا هەبووبن.

## بەشی دووەم: گۆڕان و جێگرەوەی بنەما ئەفسانەییەکان لە حیکایەتی کوردیدا

بەوپێیەی ئەفسانە لەڕێی گێڕانەوەی حیکایەتئامێزەوە بە شێوەیەکی زارەکی نەوە دوای نەوە گوازراوەتەوە، ئەو گۆڕاوانەی ئەمڕۆ لە ئەفسانەدا بەرچاودەکەون، زیاتر لە ژانری حیکایەتەکاندا هەن، ئەمەش بەو واتایە نا، کە لە هۆنراوە و بەیت و داستانە

فۆلكلۆرییەكانــدا بوونیــان نیــیە، هەیە بەڵام لە حیكایەتــدا زیــاتر و زەقتــر و ڕوونتــر دەردەكەون. ڕەوتی مێژوویی حیكایەتەكان ئەوە دەسەلمێنن، كە ڕەوتی گۆڕاوەكان بەپێی سەردەم و شوێن بەرەبەرە لە ئەفسانەوە بەرەو حیكایەت گواستراونەتەوە. بۆ نموونە لە هەردوو حیكایەتی (سێ خەیار) و (ئەحمەدی میران)دا، كە ناوەرۆكی هەردووكیان هەمان مەغزایان هەیە، لە حیكــایەتی یەكەمــدا (پەری) و (عیفریــت) ڕۆڵ دەبینێــت، لەحیكــایەتی دووەمــدا (فاتم) و (سۆری چاوشین) ی مرۆڤ شوێنی پەری و عیفریتییان گرتۆتەوە

بەپێی ئەو پێناسـانەی بـۆ ئەفسـانە كـراون، چەنـد بنەمـایەكی تـۆكمە هەن، كە وەك مەرجی ناسینەوەی ئەفسانە جێی بایەخن و زۆربەی ئەو گۆڕانـانەی بەسـەر ئەفسـانەدا هاتوون، لەڕێی گۆڕانی ئەو بنەما سەرەكییانەوە دەناسرێنەوە.

**٢-١ فرەخواوەندی**

ئەفسـانە بـۆ سـەردەمانێك دەگەڕێتەوە، كە هێشـتا مـرۆڤ لەڕێـی عەقڵ و زانسـتەوە، پەی بە هۆكاری بوون و ڕووداوە سروشتییەكان نەبردووە، پێیوابووە، كە گەردوون و ئەوانەی تێیـدا دەژیــن لەلایەن كۆمەڵێــك بــوونەوەرەوە بەڕێــوەدەبردرێن، كە لە ڕووی هێــز و توانــاوە لەســەرووی مرۆڤەكــانن و نەمــرن، ئەو بــوونەوەرانە خواوەنــدەكانن. بــۆ هەر دیــاردەیەك خواوەنـدێك هەیە، لەناویانـدا چـوار خواوەنـدی گەورە هەن كە بەسـەر (ئاسـمان، زەوی، بـا، دەریـا) باڵادەسـتن (نعمـة، ١٩٩٤: ١٨). بەپێـی نزیكیـی دیاردەكـان پەیوەنـدیی خێزانیـی بە هەنـدێك لە خواوەنـدەكان داوە و دووری و دژیـی هەنـدێك لە دیاردەكانیشـی، بە هۆكـاری خواوەنـدی دژبەیەك زانیـوە. بەپێـی سـەردەمە جیاوازەكـان و لە ڕوانـگەی هێـز و توانـای خواوەنــدەكانەوە، ئەفســانەی جۆراوجۆریــان خولقانــدووە و نەوە دوای نەوە بــۆ یەكترییــان گێڕاوەتەوە، بۆیە فرەخواوەندی بە مەرجی سەرەكیی بونیادی ئەفسانە دادەنرێت.

دوای بڵاوبـوونەوەی بـاوەڕی یەكتاپەرسـتی، باوەڕدارەكـان بنەمـای فرەخواوەنـدییان لە ئەفسانەكاندا فەرامۆش كـرد، بەڵام دەسـتبەرداری خەیـاڵ و هەسـت و سـۆز و چێـژی چیرۆكـی ناو ئەفسانەكان نەبوون، بۆیە وەك جێگرەوەی خوایەكان، پەنایان بۆ كـارەكتەری دیكە بـردووە، كە لەڕووی هێـز و توانـاوە لەهەردوو بەرەی خێـر و شـەڕدا، هاوشـانی خواوەنـدەكانی پێشتر بن، یان بەلایەنی كەمەوە لە مرۆڤەكان باڵادەستتر و بەهێزتر بن.

**٢-١-١ جێگرەوەی خواوەندەكان**

لە ئەفسـانەی كوردیـدا بەرەی خێـر و شـەڕ وەك دوانەیەكـی دژی سـەربەخۆی ئەزەلـی هەبـووە و هەر یەك لەم دوو بەرەیە وەك خواوەنـد ئەفرێنـراوی دیكەیـان هەبـووە، وەك ئەوەی لە ئەفســــانەی ئەژیــــدەهاكە لە ئاڤێســــتادا هــــاتووە، كە ئەژیــــدەهاكە ئەفرێنــــراوی

(ئەنگرۆمەینیۆیە) و وەک لایەنی شەڕ و گیانێکی پیس دژایەتیی ئەفرێنراوانی (مەزدا) دەکات، کە پاک و سپین (حەسەن، ٢٠٢٢: ١٢٠). لە قۆناغەکانی دیکەی گۆڕانی ئەفسانەدا، گۆڕان بەسەر تێروانینی کارەکتەرە ئەفسانەییەکانی بەرەی خێر و شەڕدا هاتووە و لە حیکایەتە میللییەکاندا بەکارەکتەری دیکە گۆڕاون.

### ٢-١-١-١ جێگرەوەی خواوەندەکانی بەرەی خێر

لە حیکایەتە میللییەکاندا، چەندین کارەکتەر لە بەرەی خێر و چاکەدا هاوکاری و پشتیوانی لە پاڵەوانەکان دەکەن و لە سەرکەوتن بەسەر بەرەی شەڕ و خراپەدا بە هانایانەوە دێن و هاوکارییان دەکەن. لەڕووی هێز و توانا و پیرۆزییەوە، لە مرۆڤەکان باڵاترن.

### یەکەم: خودای تاک و تەنیا

لە حیکایەتی میللیدا چ پاڵەوانێتی بێت و چ ئایینی، لەکاتی تەنگانەدا پاڵەوانەکان داوای پشتوانی و هاوکاری لە خودا دەکەن. خوداش وەک کارەکتەرێکی غەیبی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە حیکایەتەکاندا ڕۆڵ دەبینێت، وەڵامی داواکاریی پاڵەوان و ستەملێکراوان دەداتەوە و بەسەر کارەکتەرە شەڕانگێز و ستەمکارەکاندا سەریان دەخات، ئەمەش هەمان ئەو تایبەتمەندییەیە، کە خواوەندە چاکەکارەکان دژی خواوەندە خراپەکارەکان یارمەتیی پاڵەوانی ئەفسانەکانیان داوە. لە حیکایەتە میللییەکاندا خودای تاک و تەنیا توانای ڕەهای هەیە و بە خێرایی وەڵامی داواکارییەکان دەداتەوە. بۆ نموونە؛ لە حیکایەتی (خاکمار)دا، پاڵەوانی حیکایەت مرۆڤێکی ئاساییە بە ناوی (خاکمار) لە دوو شەڕی جیاوازدا، هەر جارەی لەگەڵ دێوێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە، دوای شەڕێکی قورس و درێژ (خاکمار) داوای هاوکاری لە خودا دەکات " خوایە زەلیلی بەر دەستی دێوم نەکەی، نەسرەتم بدەی بەسەریدا سەرکەوم" (مەولوود ئیبراهیم حەسەن،٢٠٠٨: ١٦٩ - ١٧٠)، خودا هەردوو جارەکە بەهانایەوە دێت و خاکمار دێوەکان لە زەوی دەدات و دەیانکوژێت و کەپوو و لێویان دەبڕێت. شەڕی پاڵەوان و دێو و بەهاناوەهاتنی خودا، ڕەهەندێکی ئەفسانەییان هەیە، بەڵام حیکایەتەکە بەهۆی گۆڕاوکانەوە لە ئەفسانەوە گۆڕاوە بۆ حیکایەتی خورافی.

لە نموونەیەکی دیکەدا، خودا وەڵامی تەنگۆڕکێی مرۆڤەکان دەداتەوە، لە حیکایەتی (ئەحمەدی میران)دا، دوای ئەوەی سۆزێ چاوشین لەسەر دارەکەوە پاڵ بە فاتمەوە دەنێت، فاتم لە بەرامبەر ئەو ستەمەدا ڕوو لەخوا دەکات و دەڵێت "یا ڕەبی خوایە بمبە کۆترۆکەک، وەڵڵا ئەبیتە کۆتر" (خۆشناو، ٢٠٢٢: ٢٨٢). خودا لە حیکایەتی میللیدا تەنیا لەڕێی هانا بۆبردنەوە نایەتە دەنگ، بەڵکو لە سەرخستنی ویست و ئیرادەی خۆی کارسازی بۆ بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان دەکات، هەرچەندە ڕووداوەکان پەیوەستن بە خەیاڵێکی بێ بنەما،

بەڵام ئەو باوەڕەی، کە خودا هەموو شتێکی پێدەکرێت، ڕێڕەوی ڕووداوەکان لە گێڕانەوەی حیکایەتدا واڵا دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا نە جێی باوەڕن و نە بە پیرۆزیش تەماشا دەکرێن، بۆ نموونە؛ لە حیکایەتی (هەرچی خوا نەکا ناکرێ) دا، کاتێک لەسەر ویستی خودا مشتومڕ لە نێوان هەیاس و سوڵتاندا دروست دەبێت، هەیاس هەواڵی کۆرپەیەکی تازە لەدایکبوو بە سوڵتان دەدات، کە لە داهاتوودا دەبێتە زاوای سوڵتان و کچە هەراشەکەی سوڵتان مارە دەکات، سوڵتان بۆ ئەوەی ئەو ئیرادەیە لەناو ببات، کۆرپە ساوایەکە لە دایک و باوکی دەسێنێت و دەیبات بە مەبەستی لەناوبردنی لەسەر چیایەک فڕێی دەداتە خوارەوە "بە ئەمری خوای حەیوانەک حەیوانەکی کیوی سبەینان و هێواران و نیوڕانان دات مەمکی خۆی دەزاری ئەو مەلۆتکەی ئەنا، تەقدیرێ خوای ڕاوکەریش لە ڕاوێ بوو، ..." دوای ئەوەی ڕووداوەکان بە گرێی دیکەدا تێدەپەڕن، لە کۆتاییدا ویستی خودا سەردەکەوێت و منداڵەکە دەبێتە زاوای پاشا (خۆشناو، ٢٠١٣: ١٨١- ١٨٤). لە هەندێک حیکایەتی خورافیدا پەراندنەوەی ڕووداوە خەیاڵییەکان، دەدرێنە پاڵ ویستی خودا (ئەمری خودا) چونکە لە توانای مرۆڤ بەدەرن، بۆ نموونە لە حیکایەتی (پاشا و کوڕەکەی)دا، ئەحمەد ئەسپێکی سپی هەیە و توانای قسەکردنی هەیە، دوای ئەوەی لەلایەن زڕدایکییەوە پیلانی کوشتنەوەی ئەسپەکە سەردەگرێت، ئەسپەکە پلانێک بۆ ئەحمەد دادەنێت، کە داوا لە پاشا بکات پێش سەربڕینی ئەسپەکە ڕێگەی پێ بدات، لە مەیدانێ دوو سێ سەران قۆشمە بە ئەسپەکەی بکات. دوای ئەوەی پاشا ڕازی دەبێت. بەبەر چاوی خەڵکەوە دێنە مەیدانێ " ئەحمەد جلکی سواریی لەبەرکرد و چەک و ئەسلەحەی لەخۆدا و هاتە مەیدانێ، عالەمی دنیایێ ئەو ڕۆژەی لۆ تەماشای ئەو سوارەی هاتبوون، سەری یەکەم ئەحمەد بە قۆشمە چوو و گەڕاوە، سەری دووەم تەکانی لێدا و هات و گەڕاوە سەرێ مەیدانێ، سەری سێیەم ئەسپەکەوێت گۆتی ئەحمەد خۆت بگرە، ئەحمەدیش خۆی توند گرت و ئەسپ دەتگۆ برووسکە، سەرەکی ڕۆیی کەس پاشی نەدیت لە گەڕانەوەی، بە ئەمرێ خوای دەتگۆ تەیرە هەردوو پێی برندکرد و دەتگۆ باری لۆ دروست بوو ڕاست فڕی و بە عاسمانێ کەت، وەڵڵا وەکی خەڵک و عەوام دیتیان واقیان وڕما گۆتیان خودایە گەورەیی هەر لۆتوو باشە (مەخمووری، ٢٠١١: ١٥٧). لە حیکایەتە مىللییەکاندا زۆر جەخت لەسەر تاک خوایی دەکرێتەوە، بەڵام گێرەرەوە، یان حیکایەتخوان باوەڕی بە ڕووداوە خەیاڵییەکان نییە، بۆیە زۆربەی حیکایەتەکان بە (هەبوو نەبوو کەس لەخوا گەورەتر نەبوو) دەستپێدەکەن، لەو حیکایەتانەی، کە ڕووداوی خورافی و بێ بنەما دراونەتە پاڵ ویستی خودا، لەدوای هەبوونەبوو کەس لەخوا گەورەتر نەبوودا، ئەم ڕستەیەشی بۆ زیاد دەکەن (کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو) یان (بار بەملێ ئەو کەسەی ئەو حیکایەتەی لۆ گێڕایمەوە) ئەمەش وەک ڕەتکردنەوەیەک بۆ هەبوونی فرەخوایی و باوەڕنەکردن بە ڕووداوەکان دێت.

**دووەم: فریشتەکان**

فریشتەکان کارەکتەری غەیبین و وەک ئەفرێندراوی خودا، لەلایەن مرۆڤەوە بە پاک و پیرۆز تەماشا دەکرێن، کەسانی نەمرن و لە خوداوە نزیکن، فرمانەکانی خودا جێبەجێ دەکەن. فریشتەکان وەک پەری و مەلائیکە لە حیکایەتی میلیی کوردیدا ڕۆڵ دەبینن. دەرکەوتنی ئەفسانەیی فریشتەکان لە حیکایەتی میللییدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەدەرەوەی بیروباوەڕە ئاینییەکەوە ڕۆڵ دەبینن. لە هەندێکیاندا وەک ئافرەتی جوان تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤەکان دەبن و لە هەندێکی دیکەدا وەک پیاوی چاکەکار هاوکاریی مرۆڤ دەکەن.

لە حیکایەتی (سێ ناسکە خەیار)دا، کاتێک پیرێژن دووعا بۆ کوڕی حاکمی شار دەکات، کە ببێتە خاوەنی سێ ناسکە خەیار، کوڕە لاو لێی دەپرسێ، کە سێ ناسکە خەیار یانی چی؟ پیرێژن لە وەڵامدا دەڵێ: "سێ ناسکە خەیار، سێ پەریی ژیکەڵەن، کە لە قاتی حەوتەمی زەوی یەخسیری دێویێکن" (سەلیمی، ٢٠١٣: ١٢٣) بوونی پەری وەک کچی جوان و دێو وەک کارەکتەرێکی خراپەکار لە ژێر زەویدا، ڕەهەندێکی کۆنی ئەفسانەیی هەیە. کاتێک (ئەنلێل)ی خواوەند (نەنلێل)ی کچە خواوند لەناو ڕوباردا دەبینێت و ئارەزووی سێکسیی بۆدەچێت و حەزی خۆی پێ دادەمرکێنێتەوە، لەبەرامبەردا خوایەکان ئەنلێل سزا دەدەن و ڕەوانەی جیهانی خوارەوەی دەکەن (السواح، ٢٠١٤: ٣٩-٤٠). لە حیکایەتەکەدا دێو وەک کارەکتەرێکی خراپەکار سێ کچە پەریی شاری پەرییانی وەک یەخسیر لای خۆی گلداونەتەوە و دواتر پاڵەوانی حیکایەتەکە، بە یارمەتیی هەڵۆ (لەزۆربەی حیکایەتەکانی دیکەدا بە سیمرخ ناوی هاتووە) خۆی دەگەیێنێتە تەبەقەی حەوتەمی ژێر زەوی و پەرییەکان لە چنگی دێو دەرباز دەکات.

لە نموونەیەکی دیکەدا، کاتێک والیدەی خراپەکار بە نیازە باگوردانێك بەسەر (سەیدی بەتار)پاڵەوانی حیکایەتی (حوسێنی غازی) بەربداتەوە "عەزرەتی جوبرائیل هاتە بن سواندەی، باگوردانیان پان کردەوە، عەزرەتی جوبرائیل شاپەڕەکی خۆی لێدا نەیهێشت وێی بکەوی" (خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٦٧). لێرەدا تەوزیفکردنی (جوبرائیل) وەک فریشتە، پێشینەیەکی ئەفسانەیی هەیە، چونکە بەدەر لە ئەرکە ڕاستەقینەییەکەی خۆی، لە حیکایەتی میللیدا ئەرکی دیکەی خراوەتە ئەستۆ، کە ڕاستەقینە نین، بۆیە وەک جێگرەوەی خواوەندە ئەفسانەییەکان بەشداری لە ڕووداوەکاندا دەکەن. جوبرائیل وشەیەکی ئارامییە و لە پێش ئیسلامەتیدا لە کتێبە ئاسمانییەکاندا ناوی هاتووە و یەکێکە لە فریشتە پایە بەرزەکان و ڕاستەوخۆ فرمانەکانی خودا جێبەجێ دەکات، هەمان ئەو (جبریل)ەیە، کە سێ جار لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە و سرووشی بۆ محەممەد (د.خ) هێناوە. هێنانەوەی ناوی جوبرائیل

ئەوە دەردەخـات، کە ئەم فریشـتەیە بەر لە هـاتنی ئـایینی ئیسـلام لە حیکـایەتی میللیـی کوردیـدا نـاوی هەبـووە. ئەمەش خـاڵێکی گـرنگە بـۆ ڕەوتـی گـۆڕاوە ئەفسـانەییەکان و دەرکەوتنی جێگرەوەکان.

**سێیەم: خدری زیندە**

خدری زیندە لە حیکایەتی میللیدا، کارەکتەرێکی غەیبییە، دەتوانێ خۆی بێنێتە سەر شێوە جیاوازەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی شێوەی پیرەمێردی سەر و ڕیش سپی و ڕوو نوورانی، کەسێکی فریاد ڕەسە، لە خۆوە دێتە سەر ڕێی خەڵک و تاقییان دەکاتەوە و هاوکارییان دەکـات (حەسـەن، ٢٠٢٠: ٢٦٥)، یـان لەلایەن خـوداوە بـۆ لای بەنـدەکان دەنێردرێـت بـۆ ئەوەی یارمەتییـان بـدات و بە دەنگیـانەوە بچێت. خـدری زینـدە لە زۆر سیفەتدا هاوشێوەی خواوەنـدە ئەفسانەییەکان ڕۆڵ دەبینێت، وەک نەمری و شێوەگۆڕکێ، توانا و زانیاریی لە ڕادەبەدەر و دەرکەوتـن و ونبـوونی لەناکـاو. زینـدوویەتیی خـدری زینـدە لەوەوە هـاتووە، کە "ئەم پیرخـدرە پیاوی خوا بووە و گەیشتووەتە ئەوەی کە لە ئـاوی حەیات، واتە ئـاوی نەمریـی خـواردووەتەوە" (حەسـەن، ٢٠٢٠: ٢٦٥). ئەو کـارانەش کە خـدری زینـدە ئەنجامیـان دەدات، لە چوارچێـوەی بیروباوەڕی ئایینیدا ناچنەدەر، بۆیە ناچنە نێو چوارچێوەی حیکایەتی خورافی، ئەرکـی خـدری زینـدە لە حیکـایەتی کوردیـدا زیـاتر بـۆ پەڕانـدنەوەی ئەو ئەرکە قورسـانەیە، کە لە توانـای مرۆڤـی ئاسـاییدا نـین (خۆشـناو، ٢٠٢٢: ٢٢- ٢٣). لە حیکـایەتی (پیاوچـاک)دا، دوای ئەوەی (زێڕۆ) بە مەبەستی تیجارەت لەماڵ دەردەچێت و ڕێگایەکی دوور دەبڕێت و لەچەند شوێنێک ڕووبەڕووی چەنـد کەسـێکی جیـاواز دەبێـتەوە، لە کۆتـایی حیکایەتـدا مـام سـۆفی بە زێـڕۆ دەڵێت: "وەرە با پێت بڕێم، ئەو کابرایەی وەکی لە پەنا دیواری دانیشتبوو هەر ئەمـن بووم و بیست و پێنج لیرەت دامێ و خۆم کردبووە توجاڕ، ئەو کابرایەی پشیلەکەی فرۆشتێ هەر بەخۆم بووم ... کابرای سۆفی لەپێش چاوان بزربوو زێڕۆ هەنگینێ زانیی ئەو پیاوە نوورانییە ئەوە خـدری زینـدە بـوو" (مەخمـووری. ٢٠١١: ١٨٦). لە نمـوونەیەکی دیـکەدا، هـاتووە: " ئەرێ خدری زیندە هیمەت و بەرەکەتی حازربن، لە کابرای هاتە خوارێ، گۆتی کابرا ئەتوو کێوە ئەچی؟ ئەوها ڕێت گرتییە؟ وەڵا گۆتی ئەمن ئەچمە کن باری تەعالا شکایەتەکم هەیە، ئەچـم شـکایەتێ ئەکەم حـار و مەوزووعەکـی ئەوهـانە لەگـۆڕێیە، گـۆتی ئەمـن ئەچـم شکایەتێ ئەکەم. ئۆهۆۆۆ ئێجا گۆتی کاکە ئەمن نوێنەرێ خودای گەورەمە، یەعنی ئەمـن خـدری زینـدەمە، هـاتیمە ئەتـوو شـکایەتت چیـیە؟" (خۆشـناو، ٢٠٢٢: ٣٨٩)، ئەو نـوێنەرایەتی کـردنەی خـدری زینـدە، ڕەهەنـدێکی ئەفسـانەیی هەیە و نەمـرە. ئەو ڕۆڵەی خـدری زینـدە لە ڕووداوی نـاو حیکـایەتە میللییەکانـدا دەیانبینێت، ڕۆڵـی خواوەنـدەکان یـان نیمچەخواوەنـدە ئەفسـانەییەکانن، بەڵام ڕووداوەکـان لە حیکـایەتی میللیـدا هەڵبەسـتراون و هـیچ حەقیقەتێکیان لەپشت نییە، بۆیە بەپیرۆز دانانرێن و جێی باوەڕنین.

**چوارەم: پیاوچاکەکان**

پیاوچاکەکان لە ڕیزی مرۆڤی ئاساییـن، بەو واتایەی نەمر نین. بەڵام پاش مردنیان گۆڕەکانیان دەبنە شوێنێکی پیـرۆز و لەناو گۆڕەکانیان سیفەتی نەمری وەردەگرن. ڕۆڵی پیاوچاکەکان و گۆڕی پیاوچاکان پانتاییەکی فراوانیان لە حیکایەتی میللیدا گرتووە، ئەمەش پەیوەنـدیی بەو بیروباوەڕانەوە هەیە، کە بەپێی کات و شوێن لەناو خەڵکدا گواستراونەتەوە ناو حیکایەتەکان. ئەو تایبەتمەندییانەی پیاوچاکان لە حیکایەتی میللییدا هەیانە، وەک نزیکییان لە خودا و توانای پێشبینیکردن و غەیبزانی، وایکردووە بە پیرۆز تەماشابکرێن، هەرچەندە تا لە ژیاندان وەک کەسانی سادە و هەژار دەردەکەون، بەڵام ڕێزلێگیراو و خۆشەویستن. کارەکتەری (دەروێش) یەکێکە لە پیاوچاکەکان، کەسایەتییەکی غەیبیی هەیە و دوای ئەنجامدانی کارەکانی لەخۆیەوە ون (غەیب) دەبێت. زۆربەی جار وەک فریادڕەس چارەسەری گرفت و گرێ کوێرەکان دەکات، بەتایبەتی گرفتی نەزۆکی. بۆنموونە لە هەرسێ حیکایەتی (گوڵبەدەم: ) و (پاشا و کوڕەکەی) و (مەهتاب) لە پەڕتووکی (سۆرێ چاوشین)دا، دوای بێ ئومێدبوونی شاژن و پاشاکان لە تەواوی حەکیم و لوقمانەکان، دەروێش وەک فریادڕەس و لەڕێی کەرستەی جیاوازەوە چارەسەری کێشەی نەزۆکییەکەیان دەکات. لە حیکایەتی یەکەمدا هاتووە" گۆتی پاشام خۆشبی ئەمن دەڕۆم بەران ئەو دوو قلە ترێیەت بدەمێ یەکیان بەخۆت بخۆ ئەویدیکەشیان بدە ژنەکەت ... خوایار بی مندارت دەبی. دەرێ هەر هەندەی زانی کابرای دەروێش لەپێش چاوان بزر بوو، ئەولا دەروێش ئەولا دەروێش، دەروێش بووە بەردی بن گۆمێ" (مەخمووری، ٢٠١١ : ٩٨). لە حیکایەتی دووەمدا هاتووە"دەستی لە باغەرێ خۆی ڕاکرد و پارچە نانەکی هیشکی دەرهینا و گۆتی یەک و کەرت بخۆن خوا کەریمە ئیشاڵڵا خوا بەدرێنگۆ دەکا و لێیدا ڕۆیشت هەر ئەوەی خواحافیزی لە پاشای کرد، دەروێش هەر لە دەرکەی بزربوو، بووە پارێ بە ڕوونی، کەس نازانی عاسمان هەری کێشا، عارد قووتی دا، دەروێش لەبەرچاوان نەما" (هەمان سەرچاوە : ١٥٠). لە حیکایەتی (مەهتاب)یشدا هاتووە" دەستی دە باغەرێ خۆی ڕاکرد و پریسکەیەکی دەرهینا هەندەک گیای هیشکی تێدابوو، چەنگەکی لەو گیایەی دەرهینا و دایە شاژنێ گۆتی ئەو گیایەی لە ئاوێکە و لەگەر مێردەکەت یەک و قوم بخۆنەوە، بە هیممەتی خوای گەورە زگت دەبی" (هەمان سەرچاوە : ٣١٧). لە ئەفسانەی کۆنی نەتەوەکاندا ئەرکی منداڵ بەخشین پەیوەست بووە بە خواوەندی تایبەت،

**پێنجەم: گیاندارەکان**

لە حیکـایەتی میللیـدا، هەنـدێک گیانـدار خـاوەن هێـز و توانـا و زانیـارییەکی ئەوتـۆن، کە لە سـەرووی توانـا مرۆییەکـانن، بەزمـانی مـرۆڤ دەدوێـن و بیـردەکەنەوە، وەک کـارەکتەری چاکەکـار، یـارمەتیی پـاڵەوان و کارەکتەرەکـان دەدەن. هەنـدێک لەو گیاندارانە لە نموونەی تەنگۆڕکێی خواوەندە ئەفسانەییەکاندا هەن، دواتر گواستراونەتەوە نـاو حیکـایەتە خورافییەکـان و سـیفەتی ئەفسـانەیی خۆیـان لەدەسـتداوە، بـۆ نمـوونە (مـار) هەرچەنـدە وەک ئـاژەڵێکی زیـانبەخش و کوشـندە لە سروشـتدا هەیە، بەڵام لە هەنـدێک حیکـایەتی میللیـدا، ڕۆڵـی یارمەتیدەر دەگێڕێت. لە حیکـایەتی (تەعبیـری خەونـی پاشـا)دا، کاتێـک پاشـا خەون دەبینێـت، بـۆ لێکـدانەوەی خەونەکەی خەڵاتێکـی گەورە دادەنێـت، کەس توانـای لێکـدانەوەی خەونـی پاشـای نییە، مـارێکی گەورە لە لێکـدانەوەی خەونـی پاشادا یـارمەتیی کابرای شـوان دەدات "شـوانەکە دەڵێ پاشایەکمان هەیە خەونی دیوە، دەڵێ ئەوەی تەعبیـری خەونەکەم بـۆ لێکبـداتەوە خەڵاتێکـی گەورەی دەدەمـێ، تـۆش ئەی مـار تەعبیـری خەونەکەی پاشـام بـۆ بکە"(حەسـەن، ٢٠٠٨: ٤٢). لە حیکـایەتی (چلکەزی)شـدا، دوای ئەوەی لاشـەی ئەحـمەدی پـاڵەوان لەژێـر دارێـک فـڕێ دەدەن. کاتێـک هۆشـی دێتەوەبەر، هیـچ هێـز و توانـایەکی نییە، بەڵام گوێی لە دەنگـی (تفتیلـک)[١]ە "تفتیلکێ گۆ ئەحـمەد نزانم گێت لێیە یان نا، بەرا ئەمن قسێ خۆت هە لۆ کەم، ئەگە گێت لێیە وەبکە، ئەگە مردیشـی ئـۆ چش. تفتیلکـێ گـۆ ئەحـمەد هەردوو چاویـان دەرینـای، ئەمـن جیقنەکییەکەم، پەلکەدارەکیشت لەو دارەی لۆ بەرەدەمۆ، وکی جیقن و پەلکەدار هیشکۆر بوون بیان کوتە و تێکەریان کە، دە قۆرتێ چاوێ خۆ کە، ئەجە چاوەکان دەدوڕنێوە، بەرا ئاگات لێبی چاوێ ڕاستەت دە بەریێ چەپە و چاوێ چەپەشت دەبەریێ ڕاست دێیا، یێک جارە وکـی داتنـان نتـانی جێیـان بگۆڕیـۆ" (خۆشـناو، ٢٠١٣: ٦١) ئەم یـارمەتییە لە باڵـندەیەکی ئاسـایی ڕەچاو ناکرێت، ئەو بیرۆکەیەش لەخۆوە سەرچاوەی نەگرتووە. بۆیە لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا، مار و کۆتر وەک جێگرەوەی کارەکتەری ئەفسانەیی ڕۆڵ لە حیکایەتەکاندا دەبینن.

ئەسـپ گیانـدارێکی دیـکەیە، کە لە حیکـایەتە میللییەکانـدا، وەک کـارەکتەرێکی چاکەکـار لە ئەنجامـدانی کـاری لە ڕادەبەدەر هاوکـاریی مـرۆڤ دەکـات و توانـای قسـەکردن و بیرکـردنەوەی هەیە و خـاوەن بەڵێنە، لەپێنـاو بەدیهێنـانی ئامانجەکـانی مرۆڤ و گیانی خۆی دەخاتە مەترسی و شەڕی مان و نەمان دەکات، بۆنموونە، لە حیکـایەتی (تەختـێ عەبـدی) دا، کاتێـک پاشـا داوا لە (ئەحـمەد) دەکـات، کە مەڕمەڕی سـپی بـۆ قەسـرە نوێیەکەی پەیـدا بکـات، ئەگەرنـا سـەری دەپەڕێنـێ، ئەحـمەد لەکـۆڕیتێ لەگەڵ ئەسـپ و ماینەکان دەژیا "ئەسپەکی بانگ کردێ، گۆتی ئەحمەد لۆوهە عێدزی؟ ئەحمەدی گۆ ما ئەتوەزانی قسـان بـکەی؟ ... گـۆتی چـت لـێ بشـێرمۆ، پاشـای پێگـۆتیمە مەڕمەڕێ سـپی لـۆ

قەسرێ لۆ بینم. گۆتی خەمت نەبی ئەمنت دەگە دێم ... ئەسپێ گۆتە ئەحمەدی ئەمنەچمە سە چیای، ئەتوو لێرە خۆ بشارۆ، گۆتی ئەمن دەگە ئەسپەکی ڕەش شەڕییەکەم، ئەگە ئەمن بردۆ باشە، ئەگە دۆڕام ئەتوو ئێکسەر هەرێ" (خۆشناو، ٢٠١٩: ١١٤). هەمان ئەسپ بۆ جێبەجێکردنی داوایەکی دیکەی پاشا، لەگەڵ ئەحمەد دەچێ بۆ دەریا و شەڕی مان و نەمان لەگەڵ حووتدا دەکات (خۆشناو، ٢٠١٩: ١١٥) شەڕکردنی ئەسپ لەگەڵ ئەسپی ڕەش و لەگەڵ حووت، خەیاڵێکی ڕووت و ڕووکەش نییە، ڕەهەندێکی ئەفسانەیی شەڕی خواوەندەکانە. لە ئەفسانەکانیشدا چەند جۆرێک ئەسپ هەن، هەندێکیان باڵدار و هەندێکیان شاخدار، هەندێکین توانای فڕینیان هەیە و هەندێکیان دەچنە ناو دەریاکان.

### شەشەم: بوونەوەرە خەیاڵییەکان

لە حیکایەتی میللیدا چەندین بوونەوەر هەن، کە زادەی خەیاڵن و لە واقیعدا شێوەیەکی بەرجەستەیان نییە، هاوشێوەی پرسە ئەفسانەییەکان وەک زەروورەتێک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارییەکانیان پەنایان بۆ بردوون. بوونەوەرە خەیاڵییەکان بەزۆری کارەکتەری بەرەی شەڕ و خراپەن، لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی کارەکتەری چاکەکاریش هەیە، لەڕێی خەسڵەت و سیفەتەکانیانەوە هەر کەسێک بە شێوازێک لەزەینیدا وێنایان دەکات، بۆنموونە؛ **سیمرخ:** لە بنەڕەتدا باڵندەیەکی خەیاڵییە، لە ئەفسانەی زۆربەی نەتەوەکاندا هەیە و ناوی جیا جیای بۆ بەکار هاتووە، بەڵام لە هەموویاندا قەبارەیەکی گەورەی هەیە و توانای هەڵگرتنی بارێکی زۆر و توانای فڕینی مەودایەکی زۆری هەیە. لە حیکایەتی کوردیدا لە تەبەقەکانی ژێر زەویدا دەژییێت، هێلانەی هەیە و هێلکەدەکات و فەرخەکانی گەورەدەکات، مار دوژمنی سەرسەختی سیمرخە و بێچووەکانی دەخوات. سیمرخ لە ئەفسانە سەرەتاییەکاندا خواوەند بووە و چارەسەری گرفتەکانی کردووە (چاک، ١٣٩٨: ٥٩) دواتر بە کاریگەری بیروباوەڕی یەکتاپەرستی لە حیکایەتە میللییەکاندا سیفەتی خواوەندیی لەدەستداوە، بەڵام سیفەتی فریادڕەسی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی پێوەماوە، بۆ نموونە: لە حیکایەتی (ئەحمەد پاڵەوان)دا ، لە وەسفی سیمرخدا هاتووە" هە هەندەی زانی شرق و هۆڕ و ڕەشەبێیا، لەجێ خۆ ڕاپەڕی دیتی تەیرەکی هەندی کەرتکە شاخەکی لۆ هێلانەکەی دێ، زانی ئۆ سیمرخە ... ئەحمەد چوو حەفت نێریی قەرەوی کوشتنۆ، پشێ فەرخانی دانا، ئەجە حەفت کوندە ئاو و حەفت تەشتەنانی کردنە نووردی و لە پشتێ سیمرخی بارکردن" (خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٠٢) لەزۆربەی حیکایەتەکاندا، سیمرخ هەمان ڕۆڵ دەبینێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە حیکایەتی سیمرخ ڕەگێکی مێژوویی کۆنی هەیە.

### ٢-١-١-٢ جێگرەوەکانی بەرەی شەڕ

#### یەکەم: شەیتان

لە ئەفسانەدا، ململانێی خواوەندەکان لەسەر بنەمای خێر و شەڕ بووە، هەروەک لە ئاڤێستای نوێدا هاتووە، ئەنگرەمەینیوو کە سەرۆکایەتیی بەرەی شەڕ دەکات، لە بەرامبەر هەر ئەمێشەسپێەنتێکی خێر، دێوێکی خولقاندووە (حەسەن، ٢٠١٣: ١١١) دێوەکان هەمان ئەو ڕۆڵەیان هەبووە، کە لە ئێستادا شەیتانەکان هەیانە. لەڕوانگەی بیروباوەڕەوە، بوونی فرەدێوی لە ئەفسانەدا و فرەشەیتانی لە ئاینیەکاندا هەمان تێڕوانینیان هەیە، تەنانەت لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بە (الشیاطین) کراوە و باوەڕدارانی لێ ئاگادارکراونەتەوە، کە پەنا بەخوابگرن و خۆیانی لێ بەدووربگرن ( **وقل رب أعوذ بك من همزات الشياطين**) (المؤمنون: ٩٧). هەرچەندە هەردوو کارەکتەری دێو و شەیتان لە حیکایەتی میلیی کوردیدا لە زۆر خەسڵەتدا هاوشێوەن، بەڵام وەک دوو کەسایەتیی جیاواز ڕۆڵ دەبینن، دێوەکان وەک بوونەوەرێکی خورافی و شەیتان وەک ئەفرێنراوێکی نەفرەتلێکراوی خودا ناسراون. لە حیکایەتە میلییەکاندا شەیتان کەسایەتییەکی ئاژاوەگێڕە و مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ دەکات و هەردەم لە هەوڵی بەلاڕێدابردنی مرۆڤە چاکەکارەکانە، بۆ نموونە لە حیکایەتی (فێلعێ شەیتانی)دا، کاتێک پیرەمێردەکە کوپە لیرەیەک دەدۆزێتەوە، داوا لەخوا دەکات، بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ لیرە دۆزراوەکاندا ڕێنمایی بکات، دوای ئەوەی لەڕێی خەونبینین سێ جار ڕێنمایی دەکرێت، شەیتان هەرجارەی بە پاساوێک لە جێبەجێکردنیان پەشیمانی دەکاتەوە و وای لێدەکات پارەکانی بە فیڕۆبدات و تووشی پەشیمانی و شەرمەزاریی بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی لەداخا مردنی پیرەمێردەکە (خۆشناو، ٢٠١٩: ٤٩ -٥٧). شەیتان لە حیکایەتی میلیی کوردیدا، زیاتر ڕەهەندێکی ئاینیی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک حیکایەتدا ڕووداوەکان مۆرکی ئەفسانەیی خۆیان پاراستووە، بۆ نموونە لە حیکایەتی (حەفتڕوح)دا، کاتێک ڕۆحی شەشەم دەردەچێ، دەگاتە شەیتان، ئیدی شەیتان وەک کارەکتەرێکی لەخشتەبەر هاوڕێیەتیی ڕۆحەکە دەکات و بەیەکەوە بەدوای ڕابواردن و ئارەزووەکانیاین دەکەون و زۆر هۆگری یەکتر دەبن (خۆشناو، ٢٠١٩: ٣١٩) مامەڵەی هەردوو کارەکتەری ڕۆح و شەیتان لە حیکایەتەکەدا، ڕەهەندێکی ئەفسانەیی هەیە، بەڵام ڕووداوی حیکایەتەکە جێی باوەڕ نییە، بۆیە وەک حیکایەتێکی خورافی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، نەک وەک ئەفسانە. شەیتانە ئەفسانەییەکان لە حیکایەتی میللیدا زیاتر بۆ مرۆڤی خراپ، یان بە بوونەوەری خەیاڵی گۆڕاون.

#### دووەم: دێو

بەوپێیەی زمانی کوردی سەچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هیندوئەورووپییەکان، وشەی (دێو) یان (دیڤ) لەو دەلالەتانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە لە وشەی خودا (Dieu)دا هەن، بۆ

نموونه: له لاتینیدا:(deus) و له سانسکریتیدا (deva) و له ئێرانیدا (div)ی بۆ بەکار هاتووە (ابراهیمی، ٢٠١٧: ٦). له ئەفسانه سەرەتاییەکاندا دێو به مانای خواوەند هاتووە (چاک، ١٣٩٨: ١٦). دێو، یان دیڤ له ناو حیکایەتی کوردیدا بەکارهێنانێکی کۆنی هەیه، ئەگەر له بنەڕەتدا وەک یەکێک له خواوەندەکان ناسراو بێت، دواتر سیفەتی خوایی لەدەستداوە و وەک بوونەوەرێکی خورافی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، وەک ئەوەی له حیکایەتەکاندا هاتووە، قەبارەیەکی گەورە و خاوەن هێزێکی زۆرە، هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیان هەیه. له هەموویان ترسناکتر، (داکەدێو)ە، که هەندێکجار ناوی تایبەت بەخۆیان هەیه، بۆ نموونه له حیکایەتی (پادشای شاری جابلوقا)دا، داکه دێو ناوی (چەوتەلی)یه و له وەسفی چەوتەلیشدا هاتووە " پرچی گەیوەته سەر زەوی، مەمکی ڕاستەی هاویشتۆته سەر شانی چەپەی، هی چەپەی خستۆته سەر شانی ڕاستەی، ناشرینی وا خوا خەڵقی نەکردووە" (مەخمووری، ٢٠١١: ١٧) لێرەشدا دێو ئەفرێندراوە، نەک کارەکتەرێکی ئەزەلی.

دێوەکان زیاتر له حیکایەتی پاڵەوانیدا دەردەکەون، دژایەتییان لەگەڵ مرۆڤەکاندا هەیه ڕۆڵی شەڕانگێزی دەگێڕن و ستەم له خەڵک دەکەن. هەرچەنده بەهێزن و به قەبارە گەورە و زەبەلاحن، بەڵام له کۆتاییدا له بەرامبەر پاڵەوانەکاندا دووچاری شکست و لەناوبردن دەبنەوە. پاڵەوانەکانیش هەرگیز ناتوانن لەڕێی هێزەوە بەسەر دێوەکاندا سەرکەون، بۆیه به پشتیوانیی خودا، یان لەڕێی هونەرەکانی شەڕ، یان لەڕێی فێڵ و جادوو زەفەر به دێوەکان دەبەن و دەیانبەزێنن. بۆ نموونه له حیکایەتی (پادشای شاری جابلوقا) له دوو ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازدا باس له شەڕی دووپاڵەوان لەگەڵ دێواندا دەکات، له یەکەمیاندا (ڕەشید) لەناوەڕاستی قەڵای دێودا هاواردەکات " هەی کافر مەیدانی پیاوانت نەدیوە، وەرە خۆت دەرخە، کەمەندی لەپشتی خۆی کردەوە، دێوێکی زەبەلاحی مواوی بەرەو ڕووی هات باوەشیان بەیەکدا کرد تا نزیکی ئێوارە یەکترییان هێناوبرد ... ڕۆژی دووەمیش بەم جۆرە، سێیەم ڕۆژ ڕەشید زۆر ماندوو ببوو، زۆر له خودا پاڕاوە، که یاریدەی بدات، بەڵام دێوە لەجاران ڕشتتر بوو، ڕەشید ناوی خوای هەر لەسەر زار بوو، ئەمجارە ڕەشید دانەوییەوە لاقی، دێوەی لەزەویدا" (مەخمووری، ٢٠١١: ١٥) له ڕووبەڕووبوونەوەی دووەمدا، (ئەمین) وەک پاڵەوانی دووەمی حیکایەتەکە، لەڕێی زیرەکی و هونەری تیرهاوێژیدا، دوای ئاراستەکردنی تیرێک بۆ سەر دڵی، بەسەر (مازەڵەی دێو)دا سەردەکەوێت و لەناوی دەبات و لەشوێنی خۆی ئاگردەگرێت و دەبێته چرەدووکەڵ (مەخمووری، ٢٠١١: ١٦). بابەتی ئاگرگرتن و بوونه دوکەڵی دێو، پەیوەندیی به ڕەگەزی شەیتانیی دێوەوە هەیه.

له هەندێک حیکایەتدا، دێوەکان دوای ژێرکەوتن، یان لەبەرامبەر چاکەیەکدا، یان به مژینی مەمکی داکەدێو، دەبنه ئەڵقه لەگوێ و یارمەتیدەری پاڵەوانەکان و له

سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانیاندا هاوکارییان دەکەن، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دێو لە حیکایەتە میللییەکاندا، تەنیا کارەکتەرێکی خراپەکار نییە، بەڵکو لایەنی چاکەکاریشیان هەیە، بۆ نموونە، لە حیکایەتی (ئێخسیرێ دێوی)دا، دوای ئەوەی (حەسەن) وەک دەستبەسەر ماوەیەک لەلای دێوێک دەمێنێتەوە و کاری کۆکردنەوەی زێڕ دەکات، دوای مردنی دێوەکە حەسەن بەدوای کوڕەکانی دێوەکەدا دەگەڕێت بۆئەوەی میراتی باوکیان بداتەوە، لەبەرامبەر ئەو جوامێرییەدا هەر حەوت کوڕەکە جگە لەوەی هەریەکەیان یەک بارەزێڕ بە حەسەن دەبەخشن، دێوی لە هەموویان گەورەتر دوو داوەمووی خۆی دەداتە حەسەن بۆ ئەوەی لەکاتی تەنگانەدا لەیەکترییان بخشێنێ، جا کە دز دەچنە سەر ماڵی حەسەن "چوو لەناو قۆدییەکی دوو مووەکەی لێکخشاندن، هە ئۆندەی زانی هەر حەفت دێو ئێک ئێک وەژۆرێ کەتن، حەسەنی گۆ ئەو دزانەم لۆ تەمنێ بکەن، وەبی جارەکی دی ئەو ڕێیەی غەرەت نەکەن... دەنگودۆرێ دزیێ شەوێ لە شاری براو بۆ، کوڕە گۆتیان حەسەن توجاڕی حەڕەسێ دێو هەدنە.. ما کەسەوێرا لە دووریش بەپێش قەسرێدا بڕوا" (خۆشناو، ٢٠١٩:٢٢٣- ٢٢٤).

### سێیەم: کەسە خراپەکان

وەک چۆن مرۆڤی چاکەکار لە حیکایەتی میللیدا ڕۆڵ دەبینێ، بە هەمان شێوە مرۆڤە خراپەکانیش ڕۆڵی خراپەی خۆیان دەگێڕن. لە حیکایەتی کوردیدا نموونەی مرۆڤە خراپەکان زۆرن، لەهەردوو ڕەگەزدا کەسانی خراپ هەن، بە کردەوەی نامرۆڤانە و لەڕێی جادوو و بەکارهێنانی کەرستەی جۆراوجۆر زیان بە کارەکتەرەکانی دیکە دەگەیێنن. لێرەدا (سۆرێ چاوشین) وەک نموونە وەردەگرین. لە حیکایەتی (سۆرێ چاوشین)دا، کە دەبێتە زڕدایکی کچێک و کوڕێکی بچووک، هەردەم لەڕێی بوختان و شت بۆهەڵبەستن هانی باوکەکە دەدات کە دارکاریی کچەکەی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕەکە منداڵە و باوکەکە بەقسەی سۆرێ چاوشین لە منداڵەکە نادات، سۆرێ چاوشین پیلانێک لە دژی کوڕەکە دادەنێت "هەستا لەکن سحربازەکی سحری لێکرد، بڕکە گییێاکی لۆ دەگە خواردنێ دانا، وکی کوڕەکەی گییاکە خوارد، ئێکسەر بووە کارۆکە، خوشکەکە گەلەکی لۆ گریا، بابەکەش تێری لە کیژەکەی دا، گۆتی لۆ ئاگات لێنەبوو، لۆ لێگەڕای ئەو گییای بخوا" (خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٥٩). هەرچەندە (سۆرێ چاوشین) لە زۆربەی حیکایەتە میللییەکاندا (مرۆڤ)ە، کەسایەتییەکی ویژدان مردوو، زڕدایکێکی بێ بەزەیی وئافرەتێکی خراپەکارە. بەڵام لە حیکایەتە کۆنەکاندا (سۆرێ چاوشین) لە ڕەگەزی (دێو)ەکان بووە "چونکە ئەو گور و گیایەی ئەتوو دەرێی حەوت دێو پاسەوانی لێ دەکەن، هەموویان برادەرمن بەران یەکەکیان هەیە ناوی (سۆرێ چاوشینە) ئەوە گەلە موسیبەتە" (مەخمووری، ٢٠١١: ١٢٢) گۆڕانی کەسایەتیی سۆرێ چاوشین لە ڕەگەزی دێوەوە بۆ ڕەگەزی

مرۆڤ، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن، کە هەندێک لەو کارەکتەرانەی لەحیکایەتە میللییەکاندا هەن، گۆڕاو و جێگرەوەی کارەکتەرە ئەفسانەییەکانن.

**چوارەم: ئەژدیها، عەزیا**

ئەژدیها گۆڕاو و جێگرەوەی (ئەژی دەهاکە)یە، کە لە ئەفسانەی ئەژیدەهاکەدا هاتووە. ئەم ئەفسانەیە بە یەکێک لە کۆنترین ئەفسانەکانی گەلی کورد دادەنرێت، کە مێژووەکەی بۆ پتر لە چوارهەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە (حەسەن، ٢٠٢٢: ١١٩). (ئەژی دەهاکە) وشەیەکی لێکدراوە، لە سەرچاوە فارسییەکاندا بە چەند واتایەک لێکدراوەتەوە، (ئەژی) بە واتای (مار، ئاژەڵی زیانبەخش، نەمر) و (دەهاکە) بەواتای (دزێو، پیشان دان، پیاو) هاتووە. بەسەر یەکەوە بە مەبەستی (پیاوی مار) بەکارهاتووە، کە ئەفێنراوی (ئەهریمەن)ە. (حسین زادە، ١٣٨٤: ١٩-١٩). وشەی (ئەژی دەهاکە)ی ئاڤێستایی بە واتای (مەرگهێنەر، یان بکوژ) هاتووە، ئەژیدەهاکە، بوونەوەرێکی سێ سەرییە، بۆ لەناوبردنی ژیان و ئەفرێنراوانی (مەزدا) لەلایەن (ئەنگرۆمەینۆ)وە خولقێنراوە (حەسەن، ٢٠٢٢: ١٢٠)، بەو واتایەی ئەژیدەهاکە لە بنچینەدا بوونێکی ئەفسانەیی خواوەندیی هەبووە، کە ئەرکی دژایەتی کردنی مرۆڤەکانی لەئەستۆدا بووە. لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا چەمکی (ئەژدیها)، یان (عەزیا) هەمان ئەو تێگەیشتنەی هەیە، کە لە ئەفسانەکەدا هەیە، وەک مارێکی گەورە، سەرێک، یان لەسەرێک زیاتری هەیە و ژەهرێکی کوشندەی هەیە و هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکەدا. لەناو حیکایەتە میللییەکانیشدا (ئەژدیها) بوونێکی بەرچاوی هەیە و بەچەندین شێوەی جیاواز وێناکراوە، لە هەندێکییاندا خەسڵەتە ئەفسانەییەکانیان بە ئاشکرا تێدا دەردەکەوێت. لە حیکایەتی (کیژێ شوانی)دا، باس لە پاشا دەکات، کە شێوەی خۆی لە مرۆڤەوە دەگۆڕێت بۆ مار، مارێک هاوشێوەی ئەو مارەی لە کەنار ڕووبارەکەدا هەیە "مار چ مار زەلامی بە خڕوخڕی قووتەدا" (خۆشناو، ٢٠١٩: ١٣٠) وەک ئەوەی لە ئەفسانەی ئەژیدەهاکەدا باس لە چوونە سەر شێوەی مار دەکرێت (حسین زادە. ١٣٨٤: ١٨).

لە حیکایەتە میللییەکانی کوردیدا، ئەژدیها و (عەزیا) هەمان ڕۆڵ دەبینن، عەزیا گۆڕاوی ئەژدیهایە، زیاتر لە ژێرزەویدا دەژییت. لە حیکایەتی (ئەحمەد پارەوان) کاتێک ئەحمەد لەسەر گۆڕی باوکی عەزیا بریندار دەکات و چاوێکی کوێر دەکات، عەزیا لە کونێکەوە دەگەڕێتەوە ژێر زەوی، ئەحمەد بەدوایدا دەچێت"عەزیای وکی ئەحمەد دیت شێت و هار بوو، گۆتی ئەمن ئەتووم لە عاسمانان دەویست ئۆ بەخۆم لۆ هاتیە بن عاردی" (خۆشناو، ٢٠١٣: ١٩٥) دوای ئەوەی دەکەونە شەڕ، ئەحمەد یەکە یەکە سەرەکانی عەزیا دەپەڕێنی. لە درێژەی حیکایەتەکەد هاتووە، ئەحمەد لە ژێر حەوت تەبەقەی زەوی ڕێی دەکەوێتە

مەملەکەتێک، کە عەزیایەک بەری ئاوی لە ئاواییەکە گرتووە، هەرجارێک بۆ بەردانەوەی چۆرێک ئاو داوای کچێک دەکات. ئەحمەد ڕووبەڕووی ئەو عەزیایەش دەبێتەوە "عەزیا وکی ئەحمەدی دیت، هار بوو، ئێکسەر پڕی داین، هاویتییە ناو دەوێ خۆ و قووتی دا، بەرا ئەحمەدی شیرێ خۆ بە هەردوو دەستان گرتبووم کوو بە گەروێ عەزیایدا چووە خوارێ، ئەوهەی عەزیا شەق کرد، حەیاتی لێ بڕی" (خۆشناو، ٢٠١٣: ١٩٩). هەرچەندە لەم حیکایەتەدا ئاماژە بە ژمارەی سەرەکانی عەزیا نەکراوە، بەڵام لە پەڕاندنی یەک لەدوای یەکی سەرەکان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە عەزیایەکە لە سەرێک زیاتری هەبووە. ئەمەش هەمان ئەو تایبەتمەندییەیە، کە پێشتر لە ئەفسانەدا هەبووە.

**٢-٢ ئەفراندن**

خواوەندە باڵادەستەکان لە ئەفسانەدا، توانای ئەفراندنی بوونەوەری دیکەیان هەیە. پرسی ئەفراندن بەپێی بیروباوەڕی ئایینی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە تێڕوانینی جیاوازی بۆ کراوە، بۆ نموونە "لە ئاڤێستای نوێدا ئەهورامەزدا لەجیاتی سپێەنتەمەینیوو سەرەوەریی ئەمێشەسپەنتەکانی پێدەسپێردرێ و ئەنگرەمەینیوو کە لە بەرامبەر سپێەنتەمەینیوو سەرۆکایەتیی بەرەی هێزی خراپەی دەکرد، لە بەرامبەر ئەهورامەزدا دانرا، کاتێک ئەهرامەزدا دەست بە ئەفراندن دەکات و شەش ئەمێشەسپێەنتەکان بەدی دەهێنێت، ئەنگرەمەینیووش دەست بە خولقاندن دەکات و لە بەرامبەر هەر یەک لەم ئەمێشەسپیەنتانە، دێوێک دەخولقێنێ تاکو دژی کارە چاکەکانی ئەم هێزە ئەهوراییانە بوەستنەوە" (حەسەن، ٢٠١٣: ١١) دواتر پرسی ئەفراندن لە ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا پەیوەست بووە بە خودای تاک و تەنیا و ڕەهەندێکی ئاینیی وەرگرتووە. ئەو ئەفراندنەی عیسای کوڕی مەریەم، کە لە قوڕ شێوەی باڵندەیەک دروست دەکات و ڕۆحی بەبەردا دەکات، لە توانای خۆیدا نەبووە، بەڵکو بە ڕەزامەندی و ویستی (اللّه) خودا تاک و تەنیایەکە بووە (**أَنِّي أَخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ**). لە حیکایەتی کوردیدا، ئەم ڕەهەندە ئاینییە کاریگەریی لەسەر گۆڕینی ئەفراندنە ئەفسانەییەکەدا هەبووە، بۆ نموونە لە حیکایەتی (بازێڕێ سوڵتان مەحمید و سەردارا پەرییا) دا، کاتێک چوار هاوڕێیەکە شەویان بەسەردا دێت و دەچنە ئەشکەوتێک. بە نۆرە ئێشک دەگرن، لە ماوەی ئێشکگرتنەکەدا هەریەکەیان هونەرێک دەنوێنێ، سەرتا (نەجاڕ) شێوەی ئافرەتێکی لە دار دروستکرد، نۆری دوای ئەو (خەیات) چاوی بە دارەکە داتاشراوەکە دەکەوێت و دەستێ جلی بۆ دەدووررێت و دەیکاتە بەری، دواتر نۆرە دێتە سەر (زێڕینگەر) ئەویش کە پەیکەری ئافرەتەکە دەبینێت و خشڵ و زێڕەکانی خۆی پێوەدەکات. دواهەمین کەس نۆرە بەر (فەقێ)دەکەوێت، کە دەبینێ هاوڕێیەکانی هەر یەکەو لە نۆرەی خۆیدا هونەرێکی نواندووە، ئەویش "دەستنوێژ گرن و قورئانا خوە یینا دان و دوعاکرن، گۆت: یارەبی بەر خاترا ناوێ خوە توو ڕوحەکێ بدە بەر وی

دارکەی" (خۆشناو، ٢٠٢٢: ١٦١) لە بنەڕەتدا پرسی ئەفراندنەکە ڕەهەندێکی ئەفسانەیی هەیە، بەڵام سنووری بیروباوەڕە یەکتاپەرستییەکە، وایکردووە سوود لە ڕەهەندە ئاینییەکە وەربگیرێت. لەگەڵ ئەمەشدا نەیتوانیوە پیرۆزی بە ئەفراندنەکە بدات و وەک خەیاڵێکی خوراڤی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە جێی باوەڕ نییە.

**٢-٣ پیرۆزی**

پیرۆزی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانە، بەرجەستەبوونی پیرۆزی لە دەقە ئەفسانەییەکان بۆ بوونی خواوەندەکان و ئەوانە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕەگەزی خوایەکانن، جا هەر کار و کردەوەیەک لەلایەن ئەوانەوە ڕێگەپێدراوبێت بەپیرۆزی سەیرکراوە. دواتر هەندێک لەو پیرۆزییانە وەک پێویستی بۆ پاراستنی ڕایەڵەی حیکایەتە جێگرەوەکان گواستراونەتەوە و ڕووداوەکان دراونەتە پاڵ ئەو هەبووانەی، کە هێشتا بە پیرۆزی ماونەتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بیروباوەڕی ئاینییەوە هەیە و لە هەر قۆناغێکدا جێگرەوەی تایبەت بە خۆی هەبووە. بۆ نموونە لە حیکایەتی (کوڕەکەچەر)دا، کاتێک کوڕەکەچەر سەر و دەنکە ترێیەک دەداتە (قاقان) و دارودەستە و خەڵکی مەملەکەتی چینێ، هەموویان گروو (گەڕ) دەبن، دواتر قاقانی چینێ ناچاردەکا، کە هەموو داواکارییەکانی وەک مەرجی چاککردنەوەیان جێبەجێ بکات. کوڕەکەچەر (ترێی مەلایکەتان) بۆ چارەسەرکردن بەکاردەهێنێت. لێرەدا دانەپاڵی ترێ بە مەلایکەتەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پیرۆزی بە ترێیەکە بدات و ئەو گومانە بێ بنەمایە لە دەرمانەکەدا بڕەوێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانێت هاوشێوەی ئەفسانە پیرۆزییەکە بەرجەستە بکات، چونکە هیچ حەقیقەتێک لەپشت پرسەکەوە نییە و لەسەر خەیاڵێکی بێ بنەما بونیادنراوە.

**٣-٤ نەمری**

لەبەر ئەوەی خواوەندەکان و لە ڕەگەزی خوایەکان ڕۆڵ لە ئەفسانەکاندا دەبینن، نەمری بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی بابەتی ئەفسانە، دوای باوەڕی یەکتاپەرستی و هەوڵی بێ ئەنجامی زانست بۆ بابەتی نەمری، مرۆڤ گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە هیچ ئەفرێنراوێک بە نەمری نامێنێتەوە، بۆیە ئەگەر دیاردەی نەمری بۆ حیکایەتە میللییەکانیش گواسترابێتەوە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لە حیکایەتی (پاشای شاری جابوقا)دا، لە شەڕی ئەحمەدی پاڵەوان لەگەڵ دێوەکاندا هاتووە "دێوان دەوریان دا، ئەحمەدیان زۆر ماندوو کرد، چونکە هەرچی ئەیکوشت زیندوو ئەبوەوە، لەوکاتەی چاوەڕێی مەرگ بوو، دەنگێک هات: ئەحمەد بیسمیللا بکە و تفی خۆت لە شیرەکە بدە، بەمجۆرە هەموو دێوەکانی لەناوبرد" (مەخمووری، ٢٠١١: ١٧). بابەتی زیندووبوونەوەی لەخۆوەیی دێوەکان پەیوەندیی بە بابەتی نەمریی ئەفسانەکانەوە هەیە. دێوەکان لە حیکایەتە

ئەفسانەییەکاندا لە ڕەگەزی خوایەکانن، بەڵام کاتێک وەک گۆڕاو هاتوونەتە ناوە حیکایەتی میللیی و گەیشتوونەتە قۆناغی یەکتاپەرستی و بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامەتی، لە حیکایەتەکەدا، وتنی (بیسمیللا) بابەتی نەمری پووچەڵ دەکاتەوە. کورد وەک موسڵمان باوەڕی بەوە هەیە، کە (کل نفس ذائقة الموت) (ال عمران: ١٨٥) هەموو بوونەوەرێک دەبێ تامی مردن بکات، بەو پێیەی دێویش ئەفرێندراوە، دەبێ ئەویش بمرێت. لە زۆر حیکایەتی دیکەی میللیدا بابەتی زیندووکردنەوە بەرچاو دەکەوێت، کە بە ڕێکاری جیاواز و بە یارمەتیی کارەکتەری جیاواز ئەنجامدەدرێت. هەرچەندە پرسی زیندوو کردنەوە جیاوازە لەگەڵ پرسی نەمری، بەڵام تەوزیفکردنی لە حیکایەتی خورافیدا و لەگەڵ کارەکتەرگەلێکی شوێنگرەوەی ئەفسانەکان، ئەو ڕەهەندە ئەفسانەییە لە حیکایەتە میللییەکاندا بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە لە حیکایەتی (باژێرێ سوڵتان مەحمید و سەردارا پەرییا) کاتێک سوڵتان مەحموود حیکایەت بۆ خاتوون دەکات، باس لە زیندووکردنەوە دەکات" وەختێ کوو چوو ژنکێ ئاو خاست، برای گۆتی برا هەڕە ئاوێ بینە، تیێ ژنکێ چوو ئاوێ بینیت، چوو کانییەکی ئامانەک بر چوو سە کانیێ ئاوێ بینیت، تێر ئاو خارەوە، ئامانێ خوە تێ هەلینا، دا بۆ ژنکێ ئاو بینیت، نژدەک وری بی سەرێ وی بڕی، هاویتە ئێرێ. برای هندی خوە گرت کەس نەهات، ڕابی دی رایێ خۆ ڕاچوو، وی ژی نژدەی سەرێ وی بڕی، سەر دانانە ڕەخەکی، کەلەش دانانە ڕەخەکی. بییە سپێدە ژنک ڕابی دی ڕاچوو، ژنک یا تنێ بی، چوو کوو هەردوێت کوشتی تیی و مێرێ وی، هەردووک لەشێ وانی دانانە ئێرێ. هندی قریادا هەوایا دا، بەرێ خۆ دەتێ دوو چیچک شەڕ یێک هاتن یەکێ سەرێ یادی بڕی، هاویتە ئێێ، بەرێ خۆ دایێ تەیرەک هات بنەکی گیایێ ئینا دەرێ پێ دمکی خوە سەرێ چیچکێ بر دانا سە کەلەشی وی، چیچکێ کرد پڕ چوو. ژنک یا تێ فکریت، گۆت سوڵتان مەحمید باش گاهێ خۆ بدێ، گۆتی ژنک ڕابی چوو چ کر، سەرێ مێرێ دانا سەر یێ تیێ، سەرێ تیێ دانا سەر یێ مێرێ خوە، وەختێ چوونە سەر یێک سەر گەر لاشەی شەڕکر" (خۆشناو، ٢٠١٩: ١٦٣). بەو واتایەی دوای زیندووبوونەوەی هەردووکیان، بەهۆی جێگۆڕکێی سەر و لاشەکان لە سەر خاوەندارێتیی ژنەکە شەڕ دەکەوێتە نێوانیان. لێرەدا ناڕاستەوخۆ نەمریی سەر و لاشە براوەکان نیشان دەدات بۆ ئەوەی لەکاتی بەیەک گەیشتنەوەیاندا توانای زیندووبوونەوەیان هەبێت.

### ٣-٥ بوونی بنەمایەکی ڕاستەقینە

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەفسانە، کە زیاتر پەیوەندیی بە پرسی بوون و دیاردە سروشتییەکانەوە هەیە، بوونی بنەڕەتێکی ڕاستەقینەی پرسەکەیە، کە لەسەرووی توانای ژیری و زانستیی خۆیەوە بووە و داویەتییە پاڵ کاری خواوەندەکان و وێنایەکی خەیاڵیی بێ بنەمای بۆکردووە. ئەم بنەمایە لە حیکایەتی خورافیی میللیشدا هەیە، بۆ

نموونە لە حیکایەتی (حەفترِوح)دا، دوای ئەوەی رۆحەکان لە جەستەی کەسی حەفترِوحدا دردەچن، هەر یەکێکیان بەتەنیا بۆ لایەک دەروات، سەبارەت بە رۆیشیشتنی رۆحی یەکەم دەڵێ: "روحێ ئێکەم چووە بن عاردی، هە رۆیی، هە رۆیی، حەفت تەبەقەی برِین، هەتا گەیشتە بنی، دیتی ئۆ دنیا لەسە پشتێ گێیاکییە، گاش لەسە پشتێ ماسییێیە، ماسیش لەسە برقە ئاوەکی راوەستێیا" (خۆشناو، ٢٠١٩: ٣١٨). هەرچەندە لە حیکایەتەکەدا لێکدانەوەیەکی خەیاڵیی ناراست بۆ بوونی دنیا کراوە، بەڵام پرسی بوونی دنیا، حەقیقەتێکی بەردەوامە، سەبارەت بە رۆحی سێیەم دەچێتە ناو ئاو " هە رۆیی، هە رۆیی، بن ئاوێ هەند تاریک بوو چاو چاوی نادیت" (خۆشناو، ٢٠١٩: ٣١٨) ژێر ئاو، یان بن دەریا وەک جیهانێکی سەربەخۆ هەردەم جێی تێرامانی مرۆڤ بووە و بە گومانەوە و وەک جیهانێکی پرِ نهێنی لێی روانیوە، کاتێک لە سنووری تواناکانی خۆیدا نەیتوانیوە پەی بە نهێنییەکان ببات، لەرِێی خەیاڵەوە وێنای جیاوازی بۆ کردووە، بۆ نموونە، لە حیکایەتی (قەرەمەرجانە)دا هاتووە: "وەختەکێ چوو بنێ بەحرێدا، چۆو خانی و بەرەکی دا ، خانوو بەرەکی هەموو جام بوو، بەرێ خۆ دایێ دوو نەفەرێت روونشتینە خوارێ... گۆتیان ئەمە نسیبێت تنووسین، گۆت ئەمە نسیبێ هەر تشتەکێ ل دنیایێ دنووسین" (خۆشناو، ٢٠٢٢: ٥٤). سەبارەت بە رۆحی چوارەم لە حیکایەتی حەفترِوحدا " روحێ چارەم سواری بای بوو، هەندی پێ خۆش بوو خۆی لەبیرکرد، هەتا کەتە دەشت و سەحرێیان، با وکی شێتان پێکەت خۆی دەولا و ئەولایەکوتان، دار و بەردی لەبەرەلەرزین" (خۆشناو، ٢٠١٩: ٣١٨) پرسی سواربوونی با لە ئەفسانەدا، پرسێکی بەرهەست بووە، هەندێک جار بە شنە و هەندێکجار وەک رەشەبا هەڵیککردووە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە لەگەڵ شنەکەدا ئارام و لە رەشەباکەدا ترساوە، کاتێک نەیتوانیوە هۆکاری پشت گۆرِانی هەڵکردنی با بزانێت، داویوتییە بەر ئارامی و تووڕەیی خواوەند. لە ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیایدا خواوەندی هەور و با چەند ناوێکیی هەبووە (رامان، ریمۆن، ئەددوو، تشوب) (بارندر،١٩٩٣ :١٦) کە سواری با بووە. ئەو خەیاڵەی لە نموونەکانی سەرەوەدا هاتوون، هاوشێوەی ئەو خەیالانەن، کە لە تایبەتمەندیی حەقیقەتی ئەفسانەییدا هەیە، بەڵام لەوەدا جیاوازە، کە لە حیکایەتە میللییەکەدا مامەڵەی خەیاڵێکی خورافیی لەگەڵدا دەکرێت، بەو واتایەی نە جێی باوەرِ و نە بە پیرۆزیش تەماشا دەکرێت. سەبارەت بە رۆحی دووەم و پێنجەم، کاتێک بەرە و ئاسمان دەچن دووەمەکە دەگاتە جەهەننەم و رۆحی پێنجەم لە رێگادا فریشتەیەک دەبینێ و لەگەڵیدا بەرە و بەهەشت دەچێت، رۆحی شەشەم لەبەر دەرگای ماڵی حەفترِوحدا دەگاتە شەیتان و زوو لەگەڵیدا دەبێت هاورِێ (خۆشناو، ٢٠١٩: ٣١٨ -٣١٩). هەرچەندە رەوتی ئەم سێ رۆحەی دوایی لە ئەفسانەکانیشدا هەن، بەڵام لە حیکایەتەکەدا رەهەندێکی ئایینییان وەرگرتووە، بۆیە ئەو حەقیقەتەی لەپشت

پرسەکانیاندا هەیە، حەقیقەتێکە پەیوەستە بە بیروباوەڕ نەک بەو حەقیقەتەی کەوا لە ئەفسانەکاندا هەیە.

## ئەنجام

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختکراونەتەوە:

- کورد وەک هەرنەتەوەیەکی دیکە، خاوەن ئەفسانە بووە و لە حیکایەتە ئەفسانەییەکاندا فرەخواوەندی هەبووە، سیفەتی نەمرییان هەبووە، توانای ئەفراندن و بەڕێوەبردنی دیاردە سروشتییەکان هەبووە.
- دوانەیی خێر و شەڕ لە ئەفسانەی کوردیدا پرسێکی بەرچاو بووە، بۆیە خواوەند و نیوەخواوەندەکان و ئەفرێنراوەکانیان نوێنەرایەتیی بەرەی چاکە و بەرەی خراپەیان کردووە.
- بەپێی سەردەم و سەرهەڵدانی بیروباوەڕی جیاواز و تا دەگاتە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی، قۆناغ بە قۆناغ گۆڕان بەسەر کارەکتەرە خواوەندەکاندا هاتووە و بە کارەکتەری دیکە جێگەیان پڕکراوەتەوە، بۆ نموونە کەسایەتیی (سۆرێ چاوشین) لە هەندێک حیکایەتی میللیدا (دێو)ە، دێویش پێشتر لە ئەفسانەدا خواوەند بووە، لە قۆناغەکانی دواتر بۆ مرۆڤ گۆڕاوە. لە هەندێک گۆڕاوی دیکەدا سیفەتی نەمری و لە هەندێکیاندا پیرۆزیی خۆیان لەدەست نەداوە، بۆ نموونە کەسایەتیی (خدری زیندە) و (فریشتەکان).
- ڕووداو و مەغزای حیکایەتە ئەفسانەییەکان زیاتر خزاونەتە ناو حیکایەتە خورافییەکان، ئەمەش بەهۆی بوونی خەیاڵێکی فراوان لە هەردووکیاندا، بەڵام لە حیکایەتە خورافییەکان خەیاڵەکە پشت بە حەقیقەتێکی بەردەوام نابەستێت وەک ئەوەی لە ئەفسانەدا هەیە و بۆ سەردەمی خۆیان جێی باوەڕبوون، بۆیە لە حیکایەتی خورافیدا خەیاڵەکان بێ بنەمان و جێی باوەڕنین.
- حیکایەتی میللی فرەخواوەندی ڕەتدەکاتەوە، بۆیە زۆربەی حیکایەتەکان بە (هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو) دەستپێدەکەن، ئەمەش لەڕووی نەستی کۆوە، ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە پێشتر خواوەندی دیکە هەبووە.

## پەراوێزەکان

1. تفتیلک جۆرە باڵدارێکی کێوییە، هاوشێوەی کۆتر و قومری وایە، جاران لە ناوچەی خۆشناوەتیدا زۆر بوو، بەتایبەتی لەناو باخچەکانی شەقڵاوە.

## سەرچاوەی کوردی


- احمد، ڕزگار عبدالله (٢٠٢٤) خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەفسانەناسی لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.
- حەوێز، بێریڤان صمد (٢٠٠٤) ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
- چاک، ئەحمەد(١٣٩٨) ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە ئەفسانەی کوردیدا،چاپی یەکەم، سەقز، چاپەمەنی خانی.
- حەسەن، فەرهاد عەزیز (٢٠١٣) ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- حەسەن، فەرهاد عەزیز (٢٠٢٢) ئەفسانەی ئەژیدەهاکە، یان داستانی زوحاک، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٥٢، ل١١٧- ١٥٨.
- حەسەن، مەولوود ئیبراهیم (٢٠٠٧) پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج.
- حەسەن، مەولوود ئیبراهیم (٢٠٠٨) تێرنەخۆرە، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.
- حەسەن، مەولوود ئیبراهیم (٢٠٢٠) قەدەغەشکێنی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ماڵی سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایین و ئەفسانە.
- خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠١٣) مەلاڕەژوو، هەولێر، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠١٩) ساردۆن، هەولێر، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠٢٢) زێنەبەزەرد، هەولێر، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٣) کانی خومان، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد.
- سەلیمی، هاشم (٢٠١٣) چیرۆک و ئەفسانەی موکریان، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.
- عبدالرحمن، شڤان جرجیس (٢٠١٣) ئەرک و ڕەگەزێن ئەفسانێ د چوار ڕۆمانێن دەڤەرا بەهدینانێدا، دهۆک، چاپخانەیا پارێزگەها دهۆکێ.
- مەخمووری، پیرداود (٢٠١١) سۆرێ چاوشین، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

## سەرچاوەی عەرەبی


- ابراهيمى، منجى (٢٠١٧) الصلاة ظاهرة كونية: مقاربة مقارنية (الديانة الفرعونية. الديانة الزرادشتية. الديانة الهندوسية)، مؤمنون بلا حدوس للدراسات والابحاث.

- أوشاطر، مصطفى و فتيحة، شعبان (٢٠١٦) الحكاية الشعبية من وجهه نظر انثروبولوجية، الجزائر، مجلة افاق العلوم، العدد الرابع ص ٢٤٤- ٢٥٠.

- السواح، فراس (٢٠٠١) الأسطورة والمعنى، دمشق، الطبعة الثانية، دار علاءالدين للنشر والتوزيع والترجمة.

- السواح، فراس (٢٠١٤) مغامرة العقل الاولى، دمشق، منشورات دار علاءالدين.

- السواح، فراس (٢٠٢٢) الرحمن والشيطان الثنوية الكونية ولاهوت التاريخ فى الديانات المشرقية، المملكة المتحدة، مؤسسة هنداوى.

- عزيز، كازم محمود (٢٠٠١) الاسطورة والحكاية الشعبية فى العهد القديم، ط١، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية

- الماجدى، خزعل (٢٠٠٢) المعتقدات الأمورية، عمان، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع.

- نبيلة ابراهيم (٢٠٠٠) اشكال اليعبير فى الادب الشعبى، القاهرة، دار غريب للطباعة.

- نعمة، حسن (١٩٩٤) ميثولوجيا واساطير الشعوب القديمة، بيروت، دار الفكر اللبنانى.

- وردة لواتى (٢٠١٥) الأسطورة الأفريقية ... خصائص ومميزات، مجلة اشكالات، معهد الآداب واللغات بالمركز الجامعى لتامنغست- الجزائر، الحدد السابع، ص٢٣٥- ٢٥٠.

- الياد، مرسيا (١٩٩١) مظاهر الأسطورة، ترجمة: نهاد خياطة، دمشق، الطبعة الأولى، دار كنعان للدراسات والنشر.

- بورخيس، خورخى ل. (٢٠٠٦)، كتاب المخلوقات الوهمية، ترجمة بسام حجار، المغرب، الطبعة الأولى، المركز الثقافى العربى.

- بارندر، جفرى (١٩٩٣) المعتقدات الدينية لدى الشعوب، ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام، الكويت، عالم المعرفة.

# الأسطورة واستبدال الأسطورة في الحكاية الشعبية الكردية


**الملخص**

ان الأساطير، باعتبارها أحد الأنواع الأدبية الشعبیة، تتمتع بتاريخ غني وواسع النطاق، ينبع من المراحل الأولى للفكر الانسانی. إنها ميراث جماعي للبشرية، يتجاوز الثقافات الفردية. نشأ هذا النوع في وقت كان فيه البشر الأوائل، في سعيهم إلى فهم أسرار العالم من حولهم، يعزون أهمية مقدسة إلى ظواهر لم يتمكنوا من فهمها. لقد لجأوا إلى خيالات خارجة عن نطاق إدراكهم، وفي القيام بذلك، نسبوا هذه الأحداث إلى قوة مجهولة، غالبًا ما تم تجسيدها في شكل آلهة. كانت هذه الكائنات الإلهية موضع تبجيل وعبادة، مما أدى إلى إنشاء نظام من المعتقدات يتطلب الاحترام والتفاني. بهذا المعنى، غالبًا ما الأساطير بأنها سرديات مقدسة. من وجهة نظر هيكلية، تشترك الأساطير في العديد من أوجه التشابه مع القصص، لكنها تتميز بوجود حقيقة أساسية. بدلاً من الاعتماد على التفسيرات العلمية أو المنطقية، تقدم الأساطير قصصًا خيالية ورمزية لمعالجة المجهول. بمرور الوقت، تطورت الأساطير، وخاصة مع ظهور التوحيد، الذي يرفض فكرة الآلهة المتعددة. وقد أدى هذا التحول إلى استبدال الآلهة بشخصيات أخرى في السرديات الأسطورية. وفي سياق السرديات الوطنية الكردية، يشكل (الأسطورة واستبدال الأسطورة في الحكاية الشعبية الكردية) موضوعًا رئيسيًا لهذا البحث. ومن خلال التحليل الوصفي، تهدف هذه الدراسة إلى استكشاف حدود الأساطير، وتتبع التغييرات التدريجية التي حدثت بمرور الوقت في بنيتها. تعكس هذه التغييرات التحول من الشخصيات الإلهية إلى الأنواع البديلة التي لها أوجه تشابه وتستند إلى الخيال. وينقسم البحث إلى قسمين رئيسيين. يتعمق القسم الأول في طبيعة الأساطير، ونقل المعتقدات الأسطورية، والتمييز بين الأساطير والخرافات والحكايات الوطنية الأخرى. ويركز القسم الثاني على تطور الأساطير الكردية، ويدرس استبدال العناصر الأسطورية التقليدية بسمات جديدة في القصص الوطنية. وفي الختام، تلخص الدراسة النتائج في عدة نقاط رئيسية.



**الكلمات الدالة:** *الأساطير، الحكاية الشعبية، الحكاية الخرافية، التحول، المعتقد الديني.*

# The Myth and The Replacement of Myth in Kurdish Folk Tale


## Abstract

Mythology, as a significant genre of folk literature, boasts a rich and extensive history, stemming from the early stages of human thought. It is a collective inheritance of humanity, transcending individual cultures. This genre emerged during a time when early humans, seeking to understand the mysteries of the world around them, often attributed sacred significance to phenomena they could not comprehend. They resorted to imaginations beyond their grasp, and in doing so, attributed these events to an unknown force, often personified as gods. These divine beings were revered and worshipped, creating a system of beliefs that demanded respect and devotion. In this sense, myths are often defined as sacred narratives. From a structural standpoint, myths share many similarities with stories, but they are distinguished by the presence of an underlying truth. Rather than relying on scientific or logical explanations, myths offer imaginative and symbolic stories to address the unknown. Over time, mythology has evolved, particularly with the rise of monotheism, which rejects the idea of multiple gods. This shift led to the replacement of gods with other characters in mythological narratives. In the context of Kurdish national narratives, (The Myth and The Replacement of Myth in Kurdish Folk Tale) is a key topic of this research. Through a descriptive analysis, this study aims to explore the boundaries of mythology, tracing the gradual changes that have occurred over time in its structure. These changes reflect a shift from divine figures to alternative genres having similarities and grounded in imagination. The research is divided into two main sections. The first section delves into the nature of myths, the transmission of mythical beliefs, and the distinctions between myths, superstitions, and other national tales. The second section focuses on the evolution of Kurdish mythology, examining the replacement of traditional mythological elements with new features in national stories. In conclusion, the study synthesizes the findings into several key points.



**Keywords**: *Mythology, Folk tale, Superstitious tale, Transformation, Religious belief.*